**حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

# کار و چالاکییەکانی وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت

لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

لە ماوەی (١٠٠) رۆژی کارکردندا

**کانونی یەکەم**
**٢٠١٩**

## ناوەرۆك

پێشەکی........ ٢
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وزیران ........ ٣
وەزارەتی ناوخۆ........ ٣
وەزارەتی پێشمەرگە ........ ١١
وەزارەتی دارایی و ئابووری ........ ١٤
وەزارەتی داد ........ ١٦
وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن ........ ١٨
وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ........ ١٩
وەزارەتی پەروەردە ........ ٢١
وەزارەتی خویندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ........ ٢٤
وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن ........ ٢٨
وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو........ ٣١
وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ........ ٣٣
وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ........ ٣٤
وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار........ ٣٨
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان........ ٤٠
وەزارەتی تەندروستی ........ ٤٢
وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ........ ٤٦
وەزارەتی پلاندانان ........ ٤٨
وەزارەتی کارەبا ........ ٥٢
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ........ ٥٤
دەستەی وەبەرهێنان........ ٥٥
فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان........ ٥٧
دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ........ ٥٩
دەزگای گشتی کاروباری مین ........ ٦٠
دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ........ ٦٢

# پێشەکی

لەژێر ڕۆشنایی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەماوەی سەد (١٠٠) ڕۆژی یەکەمی کاری کابینەی نۆیەم، گشت وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت هەڵساون بە ئامادەکردنی پلانی کار بۆ چوار (٤) ساڵی داهاتوو کەتەواوکردنی چەندین پرۆژەی بەردەوام و پێشنیارکردنی چەندین پرۆژەی نویێ لەخۆی دەگرێت بەگوێرەی پێداویستی خەڵك و سەرچاوە بەردەستەکان. لە هەمان کاتدا، لە ماوەی ئەم سەد (١٠٠) ڕۆژەدا، دامودەزگاکانی حکومەت بەردەوام بوونە لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پرۆژە و ئەنجامدانی چالاکی پێویست بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان و بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستەکانی چاکسازی و خزمەتگوزاری و ئاشتی و ئازادی و پێکەوەژیان و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و ووڵاتانی دەرەوە و ئاستەکانی ئابوری و دارایی و و کارگێڕی. حکومەتی هەرێم لەماوەی داهاتوودا بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدانی چاکسازییەکان و باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزارییەکان کە جێگەی ڕەزامەندی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت.

# سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وزیران

## لە ئاستی چاکسازی

١. جێبەجێ کردنی ئەحکامی یاساکانی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو و یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو.

٢. پڕکردنەوەی فۆڕمی ئاشکراکردنی بەرژەوەندی دارایی فەرمانبەرە پلە تایبەتەکانی حکومەت.

٣. ڕێکخستنەوەی یەکەکانی نیشتەجێبوونی حکومەت بەپێی ڕێنمایی نوێ بەمەبەستی چەسپاندنی شەفافیەت.

٤. چاوخشاندنەوە بە پرۆژە یاسای "چاکسازی لە خانەنشینی ، موچە، دەرماڵە و ئیمتیازەکانی تر لە هەرێمی کوردستان" بە مەبەستی نەهێشتنی گەندەڵی و چەسپاندنی دادگەری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات.

٥. ڕێکخستنەوەی ماڵپەڕی فەرمی حکومەت و پەسەند کردنی پرۆژەی یەکخستنی ماڵپەڕی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتەکان بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی. هەروەها پەرەپێدانی تواناکانی وتەبێژی سەرجەم وەزارەت و دەستەو فەرمانگە نەبەستراوەکان بە وەزارەت.

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. بڕیاردان لەسەر تەرخانکردنی بڕی (٣٣,٥٨٣,٧١٢,٨٤٠) ملیار دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان پێش هاتنی سەری ساڵ و لە ئێستاشدا نزیکەی لە ٨٥٪ی تەواوبووە.

٢. بڕیاردان لەسەر جێبەجێکردنی پێداویستی و داواکارییەکانی خوێندنی باڵاو پەروەردە پێش هاتنی وەرزی خوێندن و دامەزراندنی گشت مامۆستایانی گرێبەست لە وەزارەتی پەروەردە و دامەزراندنی سێ (٣) یەکەمەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی ساڵی خوێندنی ٢٠١٥-٢٠١٦.

٣. پەسەند کردنی پێشنیاری دروستکردنی سندوقی هەمیشەیی فریاکەوتنی مرۆیی.

٤. پەسەند کردنی پرۆژەی لەکاندنی منداڵ بە خێزانی جێگرەوە.

## ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١- ڕاسپاردنی لیژنەیەک لە بەڕێزان وەزارەتی پلاندانان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدرال ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆژەی سەرژمێری عیراق لە ساڵی ٢٠٢٠.

٢-سەردانی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان ( سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، وەزیری ناوخۆ، وەزیری دارایی و ئابوری) بۆ سەردانی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە.

٣- ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ بەفەرمی لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

٤-پێکهێنانی دوو لیژنەی تەکنیکی بۆ چارەسەرکردنی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان و ماف و شایستە داراییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ:

لیژنەی یەکەم بۆ دۆسیەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ وئەندامێتی بەڕێزان:

- وەزیری کاروباری پێشمەرگە.
- وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن.
- وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدرال.
- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.

لیژنەی دووەم بۆ دۆسیەی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئەندامێتی بەڕێزان:

- نوێنەری نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- وەزیری پلاندانان.
- سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٥-سەردانی شاندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و دانوستاندنەکان لەگەڵ بەغدا سەرکەوتوو بوون و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجە جێگیرکراون. بەپێی ڕێکەوتن، حکومەتی هەرێم ڕۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت رادەستی کۆمپانیای سۆمۆ دەکات و بەغداش پابەند دەبێت بە پێدانی مووچەی فەرمانبەران و بەم شێوەیەش کێشەی مووچە چارەسەردەبیت. هەروەها گفتوگۆ لەبارەی قەرزەکانی هەرێمی کوردستان کراوەو و لەسەر دانەوەی قەرزەکان ڕێککەوتوون.

## ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

١. دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ پاراستنی گیان و سەلامەتی گەشتیاران و هاوڵاتیان لە شوێنە گەشتیاریەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕوودانی هەر ڕووداوێکی نەخوازراو.

٢. پێداچونەوە بە یاسای دارشتنی پرۆژەی مافی خاوەنداریەتی هزری کە تائێستا لە هەرێمی کوردستان ئەو مافە بە یاسا ڕێك نەخراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستن و پارێزگاریکردن لە بەرهەمی هونەرمەند و داهێنەران.

## لە ئاستی ئابووری و دارایی

١. ڕاسپاردنی بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و وەزیری دارایی بۆ ئاسانکاری و دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ گەڕانەوەی قەرزە کشتوکاڵییەکان.

٢. پێکهێنای لیژنەیەک لە بەڕێزان وەزیری ناوخۆو وەزیری دارایی و ئابووری بۆ ڕێکخستنەوەی دەروازە سنوریەکان لەڕوی کارگێڕی و دارایی و تەکنیکی بە مەبەستی برەوپێدان و باشتر کۆکردنەوەی داهاتی ئەو دەروازە سنووریانە و یەکخستنی ڕێکارو میکانزم و پرۆسەکانی پیادەکراو لە دەروازە سنورییەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکی باشترو و ئاسانتر بە هاوردەکاران.

٣. ڕێکخستنەوەی ڕێکارەکانی پێدانی باجی لایەن و کۆمپانیاکان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی شەفاف و یەکسان بەسەر هەموولایەك جێبەجێبکرێت.

٤. گەڕانەوەی گشت داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی داهات و خەرجییەکان و زیاد کردن (سیولە) لە بانکەکانی حکومەت و هەروەها دانانی پلانی حکومەت بۆ زیادکردنی داهات بەپێی وەزارەتەکان و کەم کردنەوەی ئەو خەرجیانەی کە ئەولەویەت نین.

٥. ڕاسپاردنی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ بەبازاڕکردنی گەنمی خۆماڵی.

٦. لیژنەی هاوبەشی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و پلاندانان میکانزمی گونجاویان داناوە بۆ سەرف کردنی شایستە دارایەکانی پرۆژەکان بە شێوەی نەختینەیی، تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ پرۆژەی گەشەپێدانی پارێزگاکان کە ڕێژەی ئەنجامی داراییان لە ٨٥٪ زیاترە بە گوژمەی زیاتر لە ٨،٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ دینار. هەروەها ٥٠ پرۆژەی ستراتیژی و گرینگی وەزارەتەکان بە گوژمەی زیاتر لە ١٠٠ ملیار دینار خراونەتە لیستی جێبەجێکردنەوە.

## لە ئاستی کارگێڕی

١. پەسەندکردنی پێکهێنانی ئەنجومەنی گشتی ڕاژە بە ئامانجی:

- ڕێکخستنەوەی میلاکی فەرمانبەران لەسەر بنچینەی پسپۆڕی.
- کەم کردنەوەی خەرجی فەرمانگەکان.
- بەرەو پێش بردنی ئاستی فەرمانبەران.
- جێبەجێکردنی بنەماکانی لێپرسینەوەو پاداشت کردن.
- پابەندبوونی فەرمانبەران بە کارکردن لە چوارچێوەی کاروباری حکومەت و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خەڵکانی تر.

٢. پەسەند کردنی هەمواری پەیڕەوی ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

٣. پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پێداچونەوە بە هەیکەلیەت و میلاکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی بەپێی پێداویستی فعلی و تایبەتمەندی.

## وەزارەتی ناوخۆ

### لە ئاستی چاكسازی

**یەكەم: كەم كردنەوەی ڕوتین و دیاردەی بەرتیل وەرگرتن**

بە نوسراوی ژمارە (١٤٢١٠) لە ٢٠١٩/٨/٢٦ ئاگاداری گشت فەرمانگەكانی خۆی كردووە كە پێویستە زیاتر گرنگی بدەن بە ڕاپی كردنەوەی مامەڵەی هاوڵاتیان بە یەكسانی و دوور لە هەر كەم و كورییەك و بەرنگاربوونەوەی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن بە مەبەستی ڕاپی كردنەوەی مامەڵەكانیان.

**دووەم: ڕێزگرتن لە هاوڵاتیان**

بە نوسراوی ژمارە (١٦٨٧٦) لە ٢٠١٩/١٠/٦ ئاگاداری گشت فەرمانگەكانی خۆی كردووە كە پێویستە ڕێز لە هاولاتیان بگیرێت و هیچ كەمتەرخەمیەك لەم بوارەدا قبوڵ ناكرێت.

**سێیەم: بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی**

لە چوارچێوەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی چەندین ئەنجومەن و لێژنەی لێكولینەوە پێكهاتووەو كار لەسەر كەیسەكان دەكرێت.

**چوارەم: كاراكردنی سیستەمی سكاڵا ئونلاین**

لینكی تایبەت بە سكاڵا ئۆنلاین لە پێگەی ئەلیكترونی وەزارەت كارا كراوە بۆ ئەوەی گشت هاووڵاتیان و ئەفسەر و كارمەند و فەرمانبەران بتوانن لە ڕێگای ئەم لینكە سكاڵایان تۆماربكەن بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبردنی جۆری لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ كە تا ئێستا زیاتر لە (٣٠٠) سكاڵا ڕەوانە كراون و بەدواداچوونی ووردیان بۆ كراوە.

**پێنجەم: كاراكردنی هێڵی گەرم**

دانانی هێڵی گەرم و ڕەزامەندی دەستەی پەیوەندیەكانی عێراق (CMC) وەرگیرا بە تەرخانكردنی هێڵی گەرمی ژمارە (٤١٤) كە دەتوانرێت لە گشت هێڵی پەیوەندییەكان كە لە هەرێمی كوردستان كار دەكەن پەیوەندی بەم هێڵە بكرێت بە مەبەستی گەیاندنی سكاڵا و پێشنیاری هاووڵاتیان و ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ كارەكانی دانانی سەنتەری پەیوەندیەكانی ئەم هێڵە گەرمە بەڕێوە دەچێت و لە ئایندەیەكی نزیكدا دەكەوێتە كار.

### شەشەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی

نوسراومان بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت کردووە لە لە ٢٠١٩/١٠/١ بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی حکومی دوای دەوامی فەرمی بە پێی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ قەدەغەیە و دەستی بەسەردا دەگیرێت و ڕووبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی دەبنەوە.

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

**لە سە رئاستی پرۆژەکانی تایبە ت بە ژێرخانی دام ودەزگاکانی وەزارەت:**

ئەو پرۆژانەی کە لە کاتی دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەت رەزامەندی لەسەر وەرگیراوە بۆ هەموو پارێزگاکان (هەولێر– دهۆك – سلێمانی – هەڵەبجە) و ئیدارەکان ( گەرمیان و راپەرین) بریتین لە:

- دروست کردنی بەشی ئالیات و نۆژەنکردنەوەی بەشی کرێ و بارهەلگر لە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
- بینای هاتووچۆی شەقلاوە
- دروستکردن و کردنەوەی دەروازەی سنوری مێرگەسور- رووبارۆك (کۆمەلگای زێت) لە قەزای مێرگەسور
- بینایەی هاتووچۆی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەڵەبجە
- بنکەی هاتووچۆی قوشتەپە
- پرۆژەی ٦٩ کامیرا بۆ ترافیك لایتی گۆرە پانەکانی ناوشاری سلێمانی
- فراوانکردنی کردنی گەراجی وەستانی ئۆتۆمبیلی هاولاتیان و زیاد کردنی نهۆمی هۆلی کۆنگرە (ناو وەزارەت)
- دانان و دابین کردنی گاردرێل بۆ رێگای نیوان تاسلوجە و دۆکان
- دابین کردن و هێنانی دانانی پێداویستیەکانی بینایەی نوێ بەرێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر
- دانان و دابین کردنی پێداویستیەکانی بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆی سۆران
- دانان و دابین کردنی هێمای رێنیشاندەری هاتووچۆی جۆراوجۆر بۆ ریگاکانی (عەربەت، سەیدسادق، هەڵەبجە، بیتوێن،گەرمەك)
- ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان ب . هاتووچۆی ئیدارەی گەرمیان

- ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردن نوژەن کردنەوەی ب . هاتووچۆی سنوری شاری سلێمانی
- ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی سنوری سۆران
- ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی  ئیدارەی راپەرین
- ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی(کۆیە)و سنوری شاری هەولێر
- ئامادەکاری تایبەت بەدابین کردنی پێداویستیەکان دانانی هێمای هاتووچۆی لەگەل دانانی گاردرێل لەگەل بۆیاخ کردنی ب . هاتووچۆی(کۆیە) رێگای نیوان هەولێر – کۆیە

## لە ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ:

### یەکەم: گفتوگۆ لەگەل بەغدا لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی تۆماری لاوەکی (تعداد فرعی)

بڕیاردرا لەسەر پێکهێنانی لێژنەیەکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی ناوخوی عێراق و هەرێم بۆ دیراسەت کردنی ئەو تۆمارە لاوەکیانە و لێژنە هاوبەشەکە دەستی بەکارەکانی کردووە.

### دووەم: ڤیزەی هەرێم

دوای گفتووگۆکردنێکی بونیادنەرانە لەگەڵ شاندی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی فیدرالی عێراق، وەزارەتی ناوخۆی عێراق بڕیاری دا بە پێدانی دەسەڵاتی پێدانی ڤیزە بە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو ڤیزانەی لەمەودوا لە هەرێمی کوردستان دەردەچن بۆ بیانیەکان پەسەندکراون لە هەموو عێراق و گەشتیاری بیانی دەتوانێت بە ڤیزەی هەرێمی کوردستان سەردانی هەموو پارێزگاکانی عێراق بکات و داوای نشینگە بکات لە هەر پارێزگایەکی عێراق بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٥٠٢) لە ٢٠١٩/٨/٢٩.

**سێیەم: چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارتی نیشتمانی**

ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆی عێراق وەرگیرا بە کردنەوەی گشت ئەو نووسینگانەی کارتی نیشتمانی کە تا ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەکراون بە هۆی کێشەی تۆماری لاوەکی و نەبوونی پێداویستی و ئامێر. وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٦١٤٦) لە ٢٠١٩/٩/٢٥ لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی دیراسەت کردنی پێداویستیەکانی کارتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان و دابین کردنی گشت ئەو پێداویستیانە لە بوودجەی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم خەرج دەکرێت بە مەبەستی دەست بەکاربوونیان.

**چوارەم: چارەسەرکردنی کێشەی دەرهێنانی پاسەپۆرت لە هەرێمی کوردستان**

١. وەزارەتی ناوخۆی عێراق و وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەی چوار نوسینگەی پاسەپۆرت لە قەزاکانی ( سۆران ، ئاکرێ ، زاخۆ و کۆیە ) و وەزارەتی ناوخۆ بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٣١٢٦) لە ٢٠١٩/٧/٢٩ لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی دابین کردنی گشت پێداویستیەکانی ئەو چوار نوسینگەیە و هەر نووسینگەیەکی تر کە لە ئایندە دەکرێتەوە. لە ئێستادا کارەکانی کردنەوەی ئەو نوسینگانە بە باشی بەرێوە دەچن و بوودجە و میلاك و باڵەخانەی پێویستی بۆی دابین کردووە و نووسینگەی سۆران بە فەرمی کرایەوەو کارەکانی کردنەوەی نووسینگەکانی تر لە قۆناغی کۆتایی دایە.

٢. وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕەزامەندی دەربری بە ناردنی بڕێکی زیاتر لە پاسەپۆرتی خام، وەك قۆناغی یەکەم بڕی (٤٠,٠٠٠) پاسەپۆرتی خام رەوانەی هەرێمی کوردستان کرا و ئێستا قەڵەباڵغی لە نووسینگەکانی پاسەپۆرت چارەسەر کراوە و پاسەپۆرت لە ماوەی (٣-٧) رۆژ وەردەگیرێتەوە.

## لە ئاستی کارگێری

١. وەزارەتی ناوخۆ بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لە گەل سیستەمی یاسایی و کارگێری هەرێمی کوردستان و شۆرکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە پێی یاسا، لە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی حکومەت بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٣٤٩٧) لە ٢٠١٩/٨/٧ لێژنەیەکی پێکهێنا بە مەبەستی پێداچوونەوەی دەسەڵاتەکانی پارێزگاکان و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و ئێستا ئەم لێژنەیە کار دەکەن بۆ زیاتر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە پێناو چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداری.

٢. بە ئەلیکترونی کردنی تاقیکردنەوەی پلەبەرزکردنەوەی ئەفسەران لە پلەی (رائد) بەرەو خوارەوە.

# وەزارەتی پێشمەرگە

## لە ئاستی چاکسازی

**دەرەنجام و راسپاردەکانی کۆبوونەوەی باڵای ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت:**

**یەکەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرگری لە ٢٠١٩/٧/٢٣**

ئەنجومەنی بەرگری وەزارەتی پێشمەرگە ئەم بڕیارو راسپاردانەی دەرکرد:

١.پابەندبوونی گشت یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی پەیڕەوی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاتی دەوامی فەرمی لەسەعات ٨ بۆ سەعات ٣ ی دوانیوەڕۆ.

٢.دانەوەی قەرزی کەڵەکەبووی وەزارەت بەکردنی نوسراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ هاوکاری کەس و کاری شەهیدانی دژ بەتیرۆریستانی داعش کە بری هەریەکەیان پێنج ملیۆن دینارە.

**دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت، لە ٢٠١٩/٨/٢٠**

١. رێکخستنەوەو دارشتنەوەی لیواکان کە سەرەتا بڕیاری لیواکانی ٣ و ٤ درا.

٢. قەدەغەکردنی لێدوان و چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی بۆ گشت فەرماندەو لێپرسراون و ئەفسەران.

٣. دەستپێکردنی وانەی هۆشیاری نیشتمانی لەیەکەو لیواکاندا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی هۆشیاری.

٤. قەدەغەکردنی ئابوونەی حزبی بەهەموو شێوەیەك

٥. بڕیاری قەدەغەکردنی خەرجی و سەرفکردنی نەخۆشی درا، تەنها لەحاڵەتێکدا کە بەپێی دام و دەزگا پزیشکیەکانی پێشمەرگەوە سەلمێندرابێت.

**سێیەمین کۆبونەوەی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لە ١٠ /٢٠١٩/٩**

١. بڕیاری دەستپێکردنی گفتوگۆکردن و راگۆڕینەوە، لەگەڵ یەکەکانی ی٧٠ و ٨٠ بۆ دانانی یەك ژمێریاری سەربازی هاوبەش.

٢. پەسندکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنەی باڵای وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی شەهیدان، لەبارەی گواستنەوەی دۆسیەو خەرجی مووچەی مانگانەی شەهیدانی شەڕی داعش .

**چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی بەرگری وەزارەت لە ٢٠١٩/٩/٣٠**

- ڕێکخستنی دەرماڵەو پڕکردنەوەی پێویستیەکانی دادگای سەربازی کە بەبڕیار خەرجی بۆ دیاریکرا.
- پڕۆسەی هەڵاتوو لەبەرەکانی جەنگ ( هارب) و ڕێکخستنەوەی سزاکان.
- دەستپێکردنەوەی لیژنەیەك بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانی کەمئەندامانی سەنگەری پێشمەرگە.
- پرۆسەی یەکپۆشی هێزەکان کۆتایی هاتووە و لەسەروبەندی دابینکردنی جل و بەرگی وەك یەکین
- پڕۆسەی خۆڕێکخستنەوەی یەکەو دامەزراوەکانی وەزارەت لەسەر بنەمانی موئەسەساتی مۆدێرنی سەربازی بەهاوکاری راوێژکارانی وڵاتانی هاوپەیمان
- ڕێکخستنەوەی کاتی فەرمی دەوامی سەربازی لەیەکەو لیواکان و هەروەها ڕێکخستنی ئەرکی کارمەندانی ناو دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە لەژێر رۆشنایی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
- ڕێکخستنەوەو جێگرکردنی میلاکاتی نوێی لیواکانی پیادەی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.لەهەنگاوی یەکەمدا لیواکانی پیادەی ٣ و ٤ جێگر دەکرێت لەبامەڕنێ و کوڵەجو
- جێبەجێکردن و خستنەسەرکاری پرۆژەی ژمارە ٦ ی ناو پڕۆژە چاکسازی پێشمەرگە لەژێرناوی (پێشمەرگە لەئایندەدا) کە خۆی لە ڕێکخستنەوەی مووچەو بەئەلیکترۆنی کردنیان دەبینێتەوە

## پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

**رێکەوتن و پرۆتۆکۆل**

١. نوێکردنەوەو واژووکردنی یاداشتی بەردەوامی هەمەهانگی و هاوکاری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ وەزارەتی پێشمەرگە

٢. نوێکردنەوەی ماوەی مانەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا لەهەولێر بۆ مەشق و راهێنانی پێشمەرگە کە پەرلەمانی ئەم وڵاتە بڕیاری لێداوە

٣. واژووکردنی رێکەوتنێك لەگەڵ وولاتی هۆڵەندا لەرێگەی کونسڵخانەی ئەو وڵاتە لەهەولێر بۆ بەردەوامی مەشق و راهێنانەکانی پێشمەرگە، بەبەشداری وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو ئەڵمانیا.

# وەزارەتی دارایی و ئابووری

## لە ئاستی چاکسازی

١. کار کردن لە سەر یەکخستنەوەی میکانزمی کارکردن لە دەروازە سنووریەکان لە ڕووی وەرگرتنی باج و ڕسومات و پەیکەری ڕێکخستنی دەروازە سنووریەکان.

٢. ئامادەکردنی پرۆژەی یاسایی دڵنیایی ئۆتۆمبێل (التأمین ألإلزامی للسیارات فی حکومة اقلیم کوردستان).

٣. داهاتی (رسمی) هەناردەکردنی سووتەمەنی لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاستەوخۆ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ لە کاتی هەناردەکردن وەردەگیرێت کە ئەمەش کۆتایی هێنابوو بەو رصیدانەی کە پێشتر بە نایاسایی دەڕۆیشتن بۆ کۆمپانیاکان.

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

- لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، خەرج کردنی مووچەی (١٢,٦٨٩) دوازدە هەزار و شەش سەد و هەشتاو نۆ خاوەن پێداویستی تایبەت کە مووچەکانیان ڕاگیرابوو دوای دوبارە لە لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە (استئناف) تایبەت بە کەم ئەندامان پشکێنراون
- لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، تەرخان کردن و خەرج کردنی بڕی (٣) سێ ملیار دینار بە مەبەستی داپۆشینی خەرجی تایبەت بە هاوکاری کردنی خانەوادەی سەر بەرزی شەهیدانی بەرەکانی جەنگ وەک قۆناغی یەکەم.
- لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، ڕەزامەندی درا بە قەرەبووکردنەوەی سەرجەم زیان لێکەوتوانی هێزەکانی (پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس) و فەرمانبەرانی دام و دەزگا حکومەییەکانی هەرێم کە بە ئەرکی فەرمی لە بەرەکانی جەنگ دژ بە تیرۆرستانی داعش بوون و ئۆتۆمبێلی تایبەتیان فەوتاوە لە ئێستادا سیولەی نقدی دابینکرا بۆ مەبەستی جێ بە جێ کردنی ئەم قەرەبووکردنە.
- لەسەر داواکاری سەرۆکایەتی ئەنجونەنی وەزیران، خەرج کردنی بڕی (٣٣,٥٨٣,٧١٢,٨٤٠) ملیار دینار بە پێی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پرۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە جێ بە جێ دەکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:
  ١. بڕی (١٠,١١٣,٨٠٠,٠٠٠) ملیار دینار بۆ پرۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگاو وبانەکانی هەولێر

٢. بڕی (١٣,٠٥١,٨٥٤,٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان.

٣. بڕی (١٠,٤١٨,٠٥٨,٨٤٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەکانی چاککردنەوەی ڕێگا و بانەکانی پارێزگای دهۆک.

- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، دابین کردنی بڕی (١٣,١٨٢,٨٥٢,٠٠٠) ملیار دینار بۆ پڕۆژەی دروست کردنی پردی کۆنکریتی دووسایدی لەسەر زێی گەورە لە نزیک گوندی گۆپاڵ.
- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تەرخانکردنی بڕی (١٤,٨٧٥,١١٠$) ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی بارزۆری کارەبای پارێزگای دهۆک و قەزای سۆران لە پاریزگای هەولێر.
- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تەرخان کردنی بڕی (٨,٣٢٠,٥٣٨,٥,٠٠٠) ملیار دینار بە مەبەستی ئەنجام دانی پڕۆژەی گەیاندنی خزمەتگوزاری لە بواری (کارەبا و ئاو و ئاودێری و ڕێگا و بان و تەندروستی و ووزە) بۆ سنووری قەزای چۆمان.
- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تەرخانکردن و خەرج کردنی بڕی (٥٢٥,٩٩٤,٠٠٠) دینار بە مەبەستی (پڕۆژەی دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ توێنڵی پێشڕەو لە سلێمانی).
- پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، خەرجکردنی بڕی (٧,٢٤١,٧٨٩,٠٠٠) ملیار دینار بە مەبەستی دابین کردنی خەرجی هەردوو خولی ئەزمووونی نیشتمانی (٩) بنەڕەتی و (١٢) ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ – ٢٠١٩).
- گۆڕینی نووسینگەی پەروێزخان بۆ بانکی بازرگانی و لە ئیستادا ژمارەی بانکە بازرگانییەکان بووە بە (٩٠) بانک لە هەرێمی کوردستان
- کردنەوەی خزمەتگوزاری بانکی بۆ مامەڵەی پاسەپۆرت لە گەرمیان کە سەر بە بانکی شێروانەیە بۆ خزمەتکردن و کارئاسانی هاوڵاتیان.
- زیادکردنی (٤) بانک بۆ سیستەمی (ICBS) کە ئەم سیستەمە بانکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە کە تاوەکو ئێستا (١١) بانک پێکەوە بەستراوەتەوە وە بەردەوام کاری لەسەر دەکرێت.
- قۆناغی دووەمی سیستەمی ئەلکترۆنی بۆ دەروازەی (ئیبراهیم خلیل) و هەردوو فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی دەست پێ کرا.
- سیستەمی (ترانزێت) لە ناو گومرگی هەرێمی کوردستان جێ بە جێ کرا بۆ هەموو بازرگانێک بە بێ قۆرخکاری.

# وەزارەتی داد

## لە ئاستی چاکسازی

١. بە ئەلیکترۆنیکردنی (٢٢٥) تۆماری هەمیشەیی تۆمارکردنی خانووبەرە.

٢. دانان و ئامادەکردنی بەرنامەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ چەند فەرمانگەیەکی تۆمارکردنی خانووبەرە بەمەبەستی دەرکردنی وێنەی تۆمار بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی.

٣. کاری بەئەلیکترۆنیکردنی فەرمانگەکانی دادنووسی چەند هەنگاوێکی بڕیوە، لە وانە (٤) فەرمانگە لە هەولێر و یەک فەرمانگە لە سلێمانی و (٣) فەرمانگەش لە دهۆک بە ئەلیکترۆنی کراون.

٤. تانەدان لە هەندێك بڕیاری دادگا بۆ گێڕانەوە و پاراستنی سامانی گشتی :

**أ-** تانەدان لە بەرژەوەندی یاسا لە رێگای سەرۆکایەتی داواکاری گشتی بە نووسراوی ژمارە (٢٠٥٠) لە ٢٠١٩/٤/١٨ لە بڕیاری دادگای کارگێری سلێمانی ژمارە (٥١/ك/٢٠١٨) کە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاوڵاتیان بەرێژەی ٣٪ بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨ و (٢٧٠٥) لە ٢٠١٨/٦/١١ ، وگەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجوومەنی شوورای هەرێم / دەستەی گشتی بە ژمارە (١٠٣/ الهيئة العامة/ادارية/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٩/١ ئەمەش بووە هۆی گەرانەوەی سامانی گشتی.

ب/ تانەدان لە بڕیاری دادگای کارگێری هەولێر ژمارە (٦/ك/٢٠١٩) بە هاوبەشی لەگەڵ داواکاری گشتی کە بڕیاردرابوو بە تۆمارکردنی زەوی قەرەبوو بەناوی هاوڵاتیان بەرێژەی ٣٪ بە پێچەوانەی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٦٧٧٩) لە ٢٠١٨/١٢/١٨ و (٢٧٠٥) لە ٢٠١٨/٦/١١ ، گەڕانەوەی تانەکە لە بەرژەوەندی فەرمانگەکانمان بە بڕیاری ئەنجوومەنی شوورای هەرێم / دەستەی گشتی بە ژمارە (١٢١/ الهيئة العامة/ادارية/٢٠١٩) لە ٢٠١٩/٩/١٥ ئەمەش بووە هۆی گەرانەوەی سامانی گشتی

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

کەمکردنەوەی نرخی خزمەتگوزاری فەرمانگەکانی دادنووسی لە (٢٥) هەزار دینار بۆ (١٥) هەزار دینار.

## له سەر ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١. تۆمارکردنی تانەیەکی یاسایی لە دادگای فیدراڵی عێراق لە رێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) لە دژی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، لەسەر هەموارکردنی چەند ماددەیەک لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠١٨ .

٢. لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، ئامادەکردنی راپۆرتێك دەربارەی کێشەکانی پەیوەست بە زەوی و زاری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و ئەوکەم وکورپیانەی لەو یاسا و پرۆژە یاسایانەی هەیە تایبەت بە چارەسەر کردنی کیشەی ئەم زەوی و زارانە و هەروەها تایبەت بە کێشەی تۆمارە هەمیشەییەکانی فەرمانگەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە کە لە راپەرینە مەزنەکەی بەهاری سالی ١٩٩١ سووتاون.

## ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

بەشداری کارای وەزارەت لە ئامادەکردنی پلانی دووەمی نیشتمانی عێراق بۆ ساڵانی (٢٠٢٠ – ٢٠٢٣) تایبەت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (١٣٢٥) دەربارەی ئافرەت و ئاسایش و ئاشتی.

## وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١ -هەڵمەتی چاککردنەوەی خێرا و سپاردن و واژووکردنی گرێبەست بۆ بەشێکی زۆری ڕێگاوبانەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەر چوار پارێزگاکانی هەولێر, سلێمانی, دهۆك و هەڵەبجە بە گوژمەی ( ٤٢) ملیار دینار بۆ (٧١) پرۆژە بۆ ئەو ڕێگایانەی کە بە هۆی باران بارینی زۆر و لافاو کۆنی ڕێگاکان توشی تێك چوون و دارمان ببوون کە لە ئێستادا زۆربەیان کەوتونەتە ژێر ئەنجام دان.

٢ -دابین کردنی گوژمە ( ٢٨٨,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دینار بۆ نزیکەی ( ٢٣) پرۆژەی نوێ لە چاککردن و دروست کردنی ڕێگاوبانەکان و وەرگرتنی کۆد و تەرخانی گشتی و ساڵانە بۆیان لە لایەن وەزارەتی پلان دانان.

٣ -دەست بەکاربوونەوە و دابین کردنی گوژمە بۆ پرۆژەی کارە خزمەت گوزارییەکانی (١٥٠٠) یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت لە (سیتەك و زرگوێز) بە گوژمەی ( ٤٣,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

٤ -دەست بەکاربوونەوە لە پرۆژەی دروست کردنی ١٤٤ یەکەی نیشتەجێ بوون بە شێوازی باڵەخانەی ٦ نهۆمی لە زاخۆ/ قۆناغی دوو لەگەڵ خزمەتگوزاری و داواکردنی گوژمەی ساڵانە بۆی بە بڕی (١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

٥ -دەست بەکار بوونەوەی پرۆژەی ئامادەکردنی دەرخستە و دیزاین و ئەنجامدانی کارە خزمەت گوزارییەکان لەگەڵ دروست کردنی (٦٠) یەکەی نیشتەجێ بوون لە سەید صادق بە تەرخانی ساڵانەی (٧٥٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

٦- بەردەوامی کارکردن لە ڕێگاکانی دهۆك- هەولێر، دوکان-دەربەندیخان و کفری-دەربەندیخان.

## وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

### لە ئاستی چاکسازی

١. هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری بە مەبەستی سنووردارکردنی پەخشکردنی دراما بیانییەکان کە کاردانەوە و پشتگیری زۆری لێکرا لەلایەن هاوڵاتییانەوە، لەبەرامبەردا وەزارەتی رۆشنبیری لیژنەیەکی کۆنترۆلکردنی پێکهێنانەوەو چاودێری کەناڵەکان دەکات.

٢. پێکهێنانی لیژنەیەك لە پسپۆران و مامۆستایانی ئایینی خاوەن پێگەی تایبەت و بەتوانا بۆ یەکخستنی گوتاری ئایینی لە هەرێمی کوردستان.

٣. پێداچوونەوە بە کرێی موڵکە وەقفییەکانی وەزارەت و سەرژمێری کردنیان و بەدواچوون و گەڕاندنەوەی ئەو موڵکانەی کە دەستدرێژیان کرابووە سەر و دەستیان بەسەرداگیرابوون.

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. تەواوکردنی پرۆژەی کەنیسەی (ام نور) لە شارۆچکەی عەینکاوە و کەنیسەی ئەرمەن لە سەنتەری شاری هەولێر.

٢. تەواوکردنی پرۆژەی دروستکردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئایینییەکان لە گوندی بێستانە سوری ناحیەی عەربەت لە پارێزگای سلێمانی دوای وەستانی پرۆژەکە بۆ ماوەی (٢) ساڵ.

٣. ئامادەکردن و دیراسەت کردنی (١٧) پرۆژەی دروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئایینییەکان و ئامادەکردنی نەخشە و دیزانی پێویست بۆ ئەوەی لە رێگەی خێرخوازانەوە بچنە بواری جێبەجێ کردنەوە لە سەرتاسەری هەرێم.

٤. دەرکردن و هەموارکردنەوەی رێنمایی تایبەت بە:

أ. دروست کردنی مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان و تەرخانکردنی زەوی بۆیان.

ب. ڕێنمایی نوێ بۆ زیاتر گرنگیدان و پەرەپێدان بە حوجرەی فەقێیان و پێدانی مۆڵەت کردنەوەی حوجرەی فەقێیان و داڕشتنی بیرۆکەی کردنەوەی (٣) حوجرەی گەورە لە سێ پارێزگای هەرێم بە ستانداردێکی پێشکەوتوو.

ج. دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کاری مامۆستایانی ئاینی خۆبەخش.

د. دەرکردنی ڕێنمایی بنکەکانی لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانی پیرۆز.

ه. ئامادەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەیمانگەی ئامادەکردنی وتاربێژان لە هەرێمی کوردستان.

٥. ئەنجامدانی یادی لەدایکبوونی پێغەمبەری مەزن محمد دروودی خوای لەسەر بێت لەژێر چاودێری وەزارەتمان لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشداریکردنی ڕێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە هەمان بۆنە لە شاری هەولێر.

٦. ئەنجامدانی مەراسیمێکی شایستە و خەڵاتکردنی یەکەمەکانی دەرچووی خولی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بەبەشداری (٧٠٠) کەس لەهەردوو ڕەگەز لەسەرتاسەری هەرێم.

## لە ئاستی کارگێڕی

بنەبڕکردنی ڕۆتین بە پەیڕەوکردنی لامەرکەزییەت و دابەزاندنی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەمەبەستی ڕاپی کردن و کارئاسانی کردن بۆ هاووڵاتیان.

## وەزارەتی پەروەردە

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. بەستنەوەی (٤٠٠) قوتابخانە بەیەکەوە لەڕێی سیستەمی E–Parwarda بەهاوکاری ڕێکخراوی یونیسێف کە سەرجەم داتا و زانیاریەکانی ئەو قوتابخانانە کۆ دەکاتەوە.

٢. دانانی سیستەمی تایبەت بە فێرکردنی قوتابیانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەهاوکاری ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی.

٣. پەسەندکردنی پرۆژەی هەورەفێرگە کە تایبەتە بەئەلیکترۆنی کردنی (٥) وانەی سەرەکی لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن (١-١٢).

٤. بڵاوکردنەوەی پەڕەی سۆما کە تایبەتە بە ئەزموونە گشتیەکانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بەشێوەی ئۆنلاین.

٥. ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ دەرچووانی زانکۆکان لەڕێی دەرکردنی فەرمانێکی وەزاری کە نابێت ڕێژەی میلاکاتی ئەو باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیانە لە مامۆستایانی دامەزراو لە کەرتی حکومی لە (٢٠%) تێپەڕ بکات.

٦. ڕەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ڕێنماییکارانی پەروەردەیی و توێژەرانی کۆمەڵایەتی کە هەتا ئێستا دانەمەزراون، لەڕێی دەرکردنی فەرمانێکی وەزاری تایبەت بە جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦) کە دەبێت بۆ هەر (١٥٠) قوتابیەک یەک ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەبێت لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکاندا.

٧. دابەشکردنی (٩) هەزار تەختی دانیشتن بۆ قوتابیان کە کۆمپانیای کار دابینی کردبوو.

٨. دابینکردنی سووتەمەنی بۆ قوتابخانەکان لەسەر فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران.

٩. دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکان.

١٠. دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو قوتابخانانەی مەترسی ڕوخانیان لەسەرە.

١١. دامەزراندنی ژووری پەیوەندی ئەلکترۆنی کە هاووڵاتیان بتوانن لەڕێی چەند هێڵێکی گەرمەوە سکاڵاکانیان بگەیەننە وەزارەتی پەروەردە.

١٢. کارکردن بۆ پێداچوونەوە و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) و ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦)ی باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکان.

١٣. تەرخانكردنی ئەم بڕە پارانە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی داراییەوە بۆ كارەكانی وەزارەتمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

- (٤٦٦٥٣٥٠٠) دینار بەمەبەستی بە HD كردنی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی و كڕینی پێداویستی تایبەت بە تەلەفزیۆن.
- (١،٣١٠،٦١٠،٠٠٠) دینار بەمەبەستی دابینكردنی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایانی پەنابەرانی سوری بۆ هەر سێ پارێزگای (هەولێر، دهۆك، سلێمانی).
- دابینكردنی بودجەی پێویست بۆ كڕینی پێنج ملیۆن و هەشت سەد و حەفتا و پێنج لیتر نەوتی سپی بۆ قوتابخانەكان.
- (١،٥٠٨،٥٥٠،٠٠٠) دینار بەمەبەستی كڕینی كەلوپەلی پێویست بۆ سەرجەم قوتابخانەكانی هەرێمی كوردستان.
- زیادكردنی پێشینەی مانگانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی كەركوك – بەشی خوێندنی كوردی لە شەش ملیۆنەوە و بۆ هەشت ملیۆن دینار، هەروەها بەشی خوێندنی كوردی لە دوزخورماتوو لە دوو ملیۆنەوە بۆ سێ ملیۆن دینار و پەروەردەی خانەقین لە سێ ملیۆن دینارەوە بۆ چوار و نیو ملیۆن دینار.
- دابینكردنی بڕی پێنج ملیۆن دینار بۆ دامەزراندنی ژوورێكی ئەلكترۆنی بە چوار ژمارە لە هێڵی گەرم.
- (٤١،٥٠٠،٠٠٠) دینار بۆ پرۆژەی بە ئۆنلاین كردنی پەڕەی سۆما تایبەت بە ئەزموونە گشتیەكانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی.
- (٣،٠٥٥،٠٠،٠٠٠) دینار بەمەبەستی دابینكردنی تەختی دانیشتن بۆ قوتابخانەكان.
- (٧،٢٤١،٧٨٩،٠٠٠) دینار بۆ دابینكردنی خەرجی هەردوو خولی ئەزموونەكانی پۆلی (٩)ی بنەڕەتی و (١٢)ی ئامادەیی.

١٤. هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی بەئینگلیزی كردنی بابەتەكانی بیركاری و زانست.

١٥. قەدەغەكردنی زیادكردنی نرخی كرێی خوێندن لە باخچە و قوتابخانە و پەیمانگە ناحكومیەكان.

١٦. كاركردن بۆ دانانی بانكی پرسیار تایبەت بە ئەزموونە گشتیەكانی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی.

١٧. سزادانی ژمارەیەك باخچە و قوتابخانە و پەیمانگەی ناحكومی كە سەرپێچی جێبەجێكردنی بڕیار و ڕێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردەیان كردووە بەبڕی نزیكەی (٢٠٠) ملیۆن دینار.

١٨. بەهەمیشەییكردنی نزیكەی (٦٠٠٠) مامۆستای گرێبەست بەفەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

## له ئاستی کارگێڕی

کەمکردنەوەی ڕۆتین و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کارگێڕی پێویست بۆ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکان لەگەڵ پیادەکردنی چاودێری پێویست.

## وەزارەتی خویندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

**کەمکردنەوەی کرێی خوێندن:**

کەمکردنەوەی کرێی خوێندنی پاراللێل و ئێواران بەرێژەی (٤٥%) لە سەرجەم زانکۆ حکومیەکان و، هەموو قۆناخەکانی خوێندنی (دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا)، هەروەها کەمکردنەوەی کرێی خوێندن بەرێژەی (٢٥%) لە هەمو زانکۆ و پەیمانگە تایبەتەکانی کوردستان بەرەچاوکردنی کواڵیتی خوێندن.

**وەرگرتنی زۆرترین رێژەی دەرچوانی ١٢ی ئامادەیی لە زانکۆکان:**

کارئاسانیکردن بۆ وەرگرتنی زۆرترین رێژەی دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان کە توانیمان رێژەی (%٣٠) کورسی خوێندنی گشتی زیاد بکەین، بەو هۆیەوە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) لە زانکۆ و پەیمانگە حکومییەکان (٤١٨٣٣) خوێندکار/ قوتابی وەرگیران. لە ئەنجامدا (٢٨١٨٥) خوێندکار کە دەکاتە رێژەی (%٧٤) لەپلانی گشتی واتە خوێندنی بەخۆرایی لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیران و، (٣١٣٦) دەرچوی دیکەش کە دەکاتە (%٨) لەخوێندنی پاراللێل وەرگیراون، لەهەمان کاتدا (٥٥٤٤) دەرچووی دیکەش کە دەکاتە رێژەی (%١٤) لە خوێندنی ئێواران وەرگیران، بەوەش رێژەی وەرگرتن گەیشتە لە (%٩٦)، هەروەها (١٤٨١) دەرچوی دیکەش کە دەیکردە رێژەی (%٤) بەهۆی هەڵە پرکردنەوەی فۆرم لەهەڵبژاردنی بەشەکان ناویان نەگەڕابوەوە، دواتر لە پرۆسەیەکی دیکەدا ناوی ئەوانەش گەڕایەوە، بەو شێوەیە دوای ساڵانێکی زۆر بۆ یەکەمینجار رێژەی (١٠٠٪) دەرچوانی پۆلی دوانزە لە زانکۆ و پەیمانگە حکومیەکان وەرگیران، . لە هەمان کاتدا پرۆسەی وەرگرتن و سیستمی زانکۆلاین ئەمساڵ بێ گرفت بون و ناوەندیی وەرگرتن و بەشی تۆماری زانکۆکانیش باشترین خزمەتگوزاریان پێشکەش بە دەرچوانی قۆناغی دوانزەی ئامادەیی کردووە.

**چارەسەرکردنی گرفتی کاندیدانی ماستەرو دکتۆرا:**

چارەسەری گرفتی هەمو کاندیدانی ماستەرو دکتۆرا بکەین کە بەهۆکاری جیاجیا لە ساڵی (٢٠١٦)وە نەیانتوانی بوو دەست بەخوێندنی ئەکادیمی بکەن، بۆ ئەوەش لە ئەنجومەنی وەزارەت ئەم بڕیارەمان بۆ ئەو کاندیدانە دەرکرد "کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا، کە تا ئێستا ماونەتەوە و، مەرجی توانستی زمانیان بەدەستنەهێناوە، ڕێگەیان پێدەدرێت دەست بکەن بە کۆرسی ئەکادیمی، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبن لە کۆرسەکانی زمان لە سەرجەم سێنتەرەکانی زمان لە زانکۆکان بەهەمان ستانداردەکانی پێشوو، کە لە ڕێنماییەکاندا هاتووە. سەبارەت بە داواکاری خوێندکاران/قوتابیانی دکتۆرا، ئەوانەی کە سەرجەم مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان تێدا بوو، تەنها مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزییان نەبوو، ڕێگەمان بەوانیشدا گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەیان بکەن، بەڵام بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت، تا مەرجی زمان بەدەست دەهێنن.

**دەرکردنی ڕێنمایی نوێی خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا:**

هەموار کردنەوەی ڕێنماییەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا کە تێیدا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە مەرجەکانی پێشکەشکردن، توانستی زمان، تەمەن، پلان و کۆرسی خوێندن کراوە، بەشێوەیەک دەرفەتی زیاتری خوێندنی باڵا بۆ خوازیاران و دەرچوانی زانکۆکانمان لەناوخۆی وڵات بڕەخسێنین ، هەروەك خواستمانە پلانەکانمان ڕێگر بێت لە چونە دەرەوەی سامانی نیشتیمانی وڵاتەکەمان، بۆیە زۆرترین دەرفەت بۆ خوازیاران دەستەبەر دەکەین.

**دامەزراندنی یەکەمەکان:**

دوای ساڵانێك لە چاوەڕوانی بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانی دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) درا بەشێوەی هەمیشەیی لەسەر میلاکی وەزارەتەکەمان.

**ڕایکردنی کاروباری هاوڵاتیان و گوێگرتن لە داواکارییەکانیان:**

بۆ تواندنەوەی بەستەڵەکی نێوان هاوڵاتیان و وەزارەت، دەرگای وەزارەتمان بۆ هەموو مامۆستایان و فەرمانبەران و خوێدنکاران/ قوتابیان و هاووڵاتیان و چین و توێژە جیاکانی کۆمەڵگە کردەوە، کە سەردانی

وەزارەت دەکەن بۆ ئەوەش ڕاستەوخۆ توانیویانە سەرنج و تێبینی و گرفتەکانیان بگەیەننە دەستمان، بە پێی تواناو لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیانمان داوە.

**ئیمزاکردنی یاداشتنامە لەگەڵ هەنگاریاو فەرەنسا:**

یاداشتێکی لێکگەیشتنمان لەگەڵ وەزارەتی توانستە مرۆییەکانی حکومەتی هەنگاریا لەلایەك و، لەگەڵ وڵاتی فەرەنسا لەلایەکی دیکە ئیمزا کرد، بەپێی ئەو یاداشتی لێکگەیشتنانەش دەرفەتی خوێندنمان بۆ خوازیارانی خوێندنی باڵا لە کوردستان لەو وڵاتانە بۆ ڕەخساندون، کە بەهۆیەوە ئەم دوو وڵاتە ساڵانە ژمارەیەك سکۆلەرشیپ (ماستەر و دکتۆرا) پێشکەش بە وەزارەتەکەمان دەکەن، ئێمەش لە پڕۆسەیەکی ئاشکراو شەفافدا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە داهاتودا بۆ گەنجانی وڵاتەکەمان ڕایاندەگەێنین.

**ڕێکخستنەوەی سێنتەرەکانی پێداگۆجی (ڕێگەکانی وانەوتنەوە):**

بڕیارماندا لە خولی ئایندەوە ماوەی کۆرسەکانی پێداگۆجی لە (نۆ) مانگ بۆ (شەش) مانگ کەمبکرێتەوە، لە هەمانکاتدا لەهەندێک سێنتەرە دەوامەکانیان (سێ) ڕۆژ بوو لە هەفتەیەک، ئەو ماوەشمان بۆ (دوو) ڕۆژ کەمکردەوە.

**چارەسەرکردنی کێشەی ئەوانەی نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠) کەمتریان هەیە:**

ئەو کەسانەی کە کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠) کەمتر بووە، ڕێنماییەکان ڕێگەیان پێ نەدەدا نازناوی زانستی بەدەست بهێنن، لەهەمانکاتدا لەناوخۆی وڵاتیش ناتوانن ماستەرو دکتۆرا بخوێنن، بۆ ئەمەش بڕیارماندا دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرو بەدەستهێنانی سەرجەم مەرجەکانی نازناوی زانستی و بڵاوکردنەوەی دوو توێژینەوە، نازناوی زانستیان پێدەدرێت بەمەرجێک پێنج ساڵ خزمەت بکەن لە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان.

## ڕێنمایی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی:

لەپێناو ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوزایارانی خوێندنی باڵا بەتایبەت ئەو خوازیارانەی کۆنمرەیان لە (٦٠%) کەمترە، بڕیاری کردنەوەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمی لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پەسەندکرا. بۆ ئەو مەبەستە ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٩) بە ژمارە (١٧٧٧١) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢٨) ئاراستەی سەرجەم زانکۆکان کرا، بەپێی ئەو ڕێنماییە هەر کەسێك لە (٦٠) کەمتری هەبو، لەسەرەتادا دەبێت دبلۆمی یەك ساڵە بخوێنی پاشان دەتوانێ دەست بەخوێندنی ماستەر لە بوارەکەی خۆیدا بکات.

## وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن

### لە ئاستی چاکسازی

گرێبەستی هەموارکراوی رێکخستنی زانیاری و کاری کەرتی ئۆتۆمبێلی تەکسی لە هەر سێ شارەکەی هەرێم (هەولێر – سلێمانی – دهۆک ) کە ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ رێکخستنەوە و بە سیستەم کردنی گشت تەکسیەکانی هەرێم لە ئەنجام دا هاووڵاتی سوودمەندی یەکەم دەبێت لە ڕووی متمانە بوون و ئاسایشی تاکەکەسی و هەبوونی دەرفەتی کارکردن بۆ تەکسیەکانی شارەکان هەریەکە و بە جیا .

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. دامەزراندنی وێستگەیەکی تۆمارکردنی بوومەلەرزە لە قەزای چۆمان و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەریمی کوردستان کەکارکردن لە قۆناغی کۆتاییدایە.

٢. دەستکردن بە پرۆژەی دروست کردنی ڕێگاکانی فرۆکەخانە بەپێ ی ماستەر پلان M٣-M٤ کە توانرا بخرێتەوە گەڕ بەتەرخان کردنی بڕی (٢,٦٢٩,٤١٦,٠٠٠) دینار لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی.

٣. ئەنجامدانی کاری چاکسازی و پرۆژەی بچوک بەگوژمەی (٢٧٠,٥٤٠,٠٠٠) دۆلار لەسەر بودجەی فڕۆکەخانەی سلێمانی لە (٥٠%).

٤. پێکهێنانی لێژنەی تایبەت لە وەزارەتمان و وەزارەتی پەروەردە بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەی تاوەرەکانی گەیاندن لە ناو قوتابخانە و دایەنگەکان .

٥. کردنەوەی هێڵێکی (موبایلی) گەرم بۆ وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان سەبارەت بە ئیش و گرفتەکانی ئینتەرنێت .

٦. دانانی وێستگەی بوومەلەرزەی باشماخ و بەستنەوەی بە تۆڕی بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان بە کۆدی KSPB .

٧. دانانی (٦) ئامێری پێوانی باران بارین Rain gauge لە ناوچەکانی ( دیبەگە – دارەشەکران – کۆیە – شەقلاوە – سەنگاو – بەردەڕەش ) .

٨. تەواوکردنی ئامادەکاری بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پێشبینی کەش و هەوا بۆ پارێزگای هەڵەبجە.

٩. واژوکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای Visala لەڕێگەی کۆمپانیای (الوهج) بۆ کڕین و دانانی سیستمێکی پێشکەوتوو بۆ نوسینگەی کەشناسی فڕۆکەخانە (Awos) بە گوژمەی (٢,٣٢٦,٨٥٠) ملیون دۆلار لەسەر بودجەی فڕۆکەخانەی سلێمانی لە (٥٠%) جێ بەجێ دەکرێت.

١٠. پڕۆژەی تەندەرین بۆ ڕاکێشانی کێبڵی (Fiber optic) لەسەر بودجەی (٥٠%) جێ بەجێ بکرێت لەسەر بودجەی فڕۆکەخانەی سلێمانی (٥٧٠,٩٦٠ دۆلار).

١١. بەدواداچوون بۆ پرۆژەی ئەنتەرنێتی میری لە ڕێگای کێبڵی تیشکی بۆ وەرگرتنی ودیاریکردنی شوێنی جوگرافیای فەرمانگەکان لە ڕێگای (GPS) .

١٢. بەدواداچوون بۆ ئێش و کارەکانی پرۆژەی ئینتەرنێتی میری کە لە لایەن کۆمپانیای (IQ network) جێ بە جێ دەکرێت لە پارێزگای سلێمانی لە ئێستادا.

١٣. بەدواداچوون بۆ ئێش وکارەکانی پرۆژەی ئینتەرنێتی میری کە لە ڕێگای بێ تەلەوە دابین کراوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە لە کێشە و گرفتی فەرمانگەکان ئاگادارببین .

١٤. بە دواداچوون لە لایەن لێژنەی بەدواداچوونی (FTTH) لە هەردوو پارێزگای (هەلەبجە و سلیمانی) .

١٥. تەواو بوونی پرۆژەی (FTTH) لە پارێزگای (هەلەبجە) و بەدواداچوون بۆ بەستنەوەی لەگەڵ هەر سێ کۆمپانیاکانی موبایل ( کورەک _ اسیاسیل_ زین) لە گەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

١٦. پێدانی مۆڵەت بە ( ٢ ) کۆمپانیای بواری گواستنەوەی کەل و پەل لە سنوری پارێزگای هەولێر .

١٧. نوێکردنەوەی مۆڵەتی (١٧) کۆمپانیای کەل و پەل بۆ نوسینگەکان لە بواری گواستنەوەی هاولاتیان و( ٥ )مۆڵەتی گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی لە پارێزگای هەولێر و ( ١٠ ) نوسینگە مۆڵەتەکانیان نوێ کراوەتەوە .

١٨. لە سنوری پارێزگای سلێمانی:

- پێدانی مۆڵەت بە سێ (٣ ) کۆمپانیای گواستنەوەی کەل و پەل و یەك (١) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی
- نوێکردنەوەی مۆڵەتی سێ (٣) کۆمپانیای گواستنەوی کەل و پەل و چوار (٤) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و شەش (٦) کۆمپانیای گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێندکاران و یەك (١) کۆمپانیای تەکسی تەلەفۆنی و دوو (٢) کۆمپانیای بەکرێدانی ئۆتۆمبیل.

١٩. له سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین: پێدانی یەك (١) مۆلەتی گواستنەوەی کەل و پەل و یەك (١) مۆلەتی گواستنەوەی فەرمانبەران و خوێنكاران.

٢٠. له سنوری پارێزگای دهۆک:

- پێدانی مۆڵەت بە (١) کۆمپانیای گواستنەوەی کەل و پەل و (٢) کۆمپانیا بۆ گواستنەوەی هاولاتیان وە (١) کۆمپانیای گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی
- نوێکردنەوەی مۆڵەتی دوو (٢) کۆمپانیای گواستنەوی هاولاتیان و شەش (٦) کۆمپانیای گواستنەوەی بەرهەمی نەوتی و دوو (٢) کۆمپانیای گواستنەوەی تەکسی تەلەفۆنی .

٢١. نوێکردنەوەی مۆلەتی نوسینگەکانی گواستنەوەی پارێزگاکان:

- پارێزگای هەولێر: نوێکردنەوەی مۆلەتی ( ٥ ) نوسینگەی گواستنەوەی کەل و پەل و ( ٣) نوسینگەی بەرهەمی نەوتی و ( ٢ ) نوسینگەی فەرمانبەران و خوێندکاران و قوتابیان.
- پارێزگای سلێمانی: نوێکردنەوەی مۆلەتی ( ٣ ) نوسینگەی گواستنەوەی هاولاتیان و ( ١ ) نوسینگەی تەکسی تەلەفۆنی.

٢٢. دابین کردنی لەرەلەری (VHF) بۆ کۆمپانیای (i-star).

## وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

### لە ئاستی ئابووری و دارایی

١. ئامادەکردن و ناردنی پلانی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ بۆ ساڵانی ٢٠٢٠-٢٠٣٠ بۆ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بە مەبەستی پێشکەشکردنی بۆ کۆمپانیا و وەبەرهێنەران بۆ کارکردن لە کەرتی کشتوکاڵ لە بەر ئەوەی تاکو ئێستا رێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ لە % ١,٥٨ تێنەپەڕیوە لە کۆی گشتی رێژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان.

٢. ئەنجام دانی کۆبونەوەیەکی فراوان لەوەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ قونسلخانەی هۆڵەندی لە کوردستان بۆ کۆمپانیاو وەبەرهێنەرەکانی کوردستان و کۆمپانیاو وەبەرهێنەری هۆڵەندی بۆ ئەنجام دانی پرۆژەی هاوبەش بەمەبەستی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵی هەرێم و دابین کردنی بودجەی پرۆژەکان لە لایەن رێکخراوی وەبەرهێنانی هۆڵەندی (RVO) بە هاوبەشی لەگەل وەبەرهێنەرو کۆمپانیا ناوخۆییەکان ، بری ٥٠٪ یارمەتی دارایی لە لایەن حکومەتی هۆڵەندی ٥٠٪ بەشی هاوبەشەکانی پرۆژەیە و یارمەتی دارایی پێشکەشکراو لەلایەن حکومەتی هۆڵەندی لە نێوان (٥٠٠,٠٠٠ بۆ ٣,٠٠٠,٠٠٠) یۆرۆیە .

٣. رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ وەرگرتنەوەی قستی کشتوکاڵی لە جوتیاران بۆ ماوەی درێژ خایەن بۆ ئەم مەبەستەش کۆبوونەوەی هاوبەش لە گەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەنجام درا بەمەبەستی دەرکردنی رێنمایی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

٤. رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ کڕینەوەی ئەو گەنمەی کە دەمێنێتەوە لە هەرێم و لەلایەن وەزارەتی بازرگانی عێراق ناکڕدرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاری لیژنەی هاوبەشکراوە لە نێوان وەزارەت و دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دراسەت و جێبەجێ کردنی ئەم پێشنیارە.

٥. دانانی پلانی چاندنی گەنم بۆ وەرزی چاندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ کە لە ژێر رۆشنایی ئەم پلانە زیاتر لە سێ ملیۆن دۆنم پێشنیارکراوە کە بە گەنم بچێندرێت لە هەرێمی کوردستان.

٦. وەک ئامادەکاری بۆ وەرزی چاندنی گەنم بۆ ٢٠١٩-٢٠٢٠ دەستکراوە بە پرۆسەی دابەشکردنی بنەتۆ بۆ جووتیاران و پاککردنەوەی بنەتۆی جوتیاران و دواتر دابەشکردن بەسەر جووتیاران بە نرخی پاڵپشتکراو وەک هاندانێک بۆ جووتیاران .
٧. ئامادەکردنی لیستی پێداویستی قڕکەرەکان بۆ وەرزی چاندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی دابین کردنی بووجە بۆ پێداویستیەکان کە دواتر بە نرخی پاڵپشتکراو وەک هاندانێک دابەش دەکرێت بەسەر جەتیاران بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی نەخۆشی دەرد و گیا زیان بەخشەکان لە کێڵگەکانیان.
٨. بە مەبەستی پاراستن و پاڵپشتی لە بەرهەمی ناوخۆ وپاڵپشت بە یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەرهەمی ناوخۆ ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٨ وەزارەت هەڵساوە بە قەدەغەکردنی هاوردەی چەندین بەرهەم وەک هەنار، تەماتە، هەنگوین لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی ناوخۆ وەک پاڵپشتیەک بۆ جوتیارانی کوردستان.
٩. ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا بە تەرخانکردنی بڕی (٣٣,٣٢٢,٥٣٠,٠٠٠) دینار بۆ جێبەجێکردنی دوانزدە (١٢) پرۆژەی بەنداو.

## وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. ئامادە کردن و سەرپەرشتی کردن لە مەراسیمی یادکردنەوەی پەنجا ساڵەی تاوانی کۆمەڵکوژی گوندی صۆریا لە قەزای زاخۆ.

٢. کۆبوونەوە و وواژو کردنی کۆنووس لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەمەبەستی گواستنەوەی دۆسیەی شەهیدانی شەڕی تیرۆری داعش لە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ وەزارەتمان .

٣. هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانی بادیەی پارێزگای سەماوە کە نزیکەی (١٧١) روفاتی ژن و منداڵی تێدا دەرهێنرا کە ئێستا لەپزیشکی دادوەری بەغدا پارێزراون وە ئامادەکاری کردن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕی دووەم و سێ یەم ، وە هێنانەوەی رووفاتەکانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

٤. ئامادەکاری بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکانی شەنگال و هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگای شەهیدانی بەغدا بەرێوبەرایەتی گشتی پزیشکی دادوەری لەبەغدا لە چوارچێوەی یەکەی نیشتیمانی عیراق

٥. پێدانی کرێی خوێندنی کور و کچی شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی لە زانکۆ و پەیمانگاکان و قوتابخانەکان لە لایەن لێژنە تایبەتەکانی سەر بە وەزارەتمان .

٦. پێدانی منحەی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی و بەخێوکەر و پێدانی پارەی نەخۆشی.

٧. وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ تاپۆکردنی ئەو خانوو و زەویانەی کە دابەش کراون بەسەر کەس وکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی .

٨. پەسەند کردنی بڕیاری دارشتنەوەی سندوقی هاوکاری کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوان

### لە ئاستی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ:

دەستنیشان کردنی کێشە هەڵواسراوەکانی وەزارەتمان کە تایبەت بوون بە حکومەتی فیدراڵی و بەرزکردنەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەنێویاندا گواستنەوەی مووچەی زیندانیانی سیاسی.

# وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلآیەتی

## لە ئاستی چاكسازی

١. ئامادەکردنی پێناسەی کار (وصف الوظیفی) ی فەرمانبەرانی وەزارەت، بە شیوازیك كە گونجاو بێت لەگەڵ سروشتی کارەکەیان و دەستنیشانکردنی ئەرك و مافی فەرمانبەران بە روونی بخاتە روو، ئەمەش وەك هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی بەهیزکردنی ئەدای کار.

٢. ئامادەکردنی کارنامەی کار (لائحة العمل) بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت بۆ ریکخستنی کارەکان و ئاسان راییکردنی کاروباری هاولاتیان.

٣. گێڕانەوەی زیاتر لە یەك ملیار دیناری عیراقی کەم ئەندامانی هەڵەبجە بۆ خەزینەی دەوڵەت.

٤. پیکهینانی لیژنەی بەدواداچوون بۆ سەرجەم هەواڵ و راپۆرتەکانی دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر کەمتەرخەمی کارمەندان بەرامبەر بە هاوولاتیان.

٥. کاراکردنەوەو دانانی سندوقی سکاڵا لەسەرجەم بەرێوەبەرایەتییەکانی سەر بە وەزارەت، تاکو هاوولاتیان بە ئاسانی دەنگی سکاڵایان بگات و چاودێری کارکردنی فەرمانبەران بەهێزتر بێت.

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. گێڕانەوەی مووچەی (١٢٦٨٩) کەمئەندم کە دوای پشکنینەوەی پزیشکی شایستە بوون یارمەتی دارایی وەربگرن.

٢. بەدواداچوونی ئامادەکردنی "سیاسەتی پاراستنی منداڵ" لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران، کە بە بناغەی کاری بواری منداڵان دادەنرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بە شێوازێك ئامادەکراوە کە گونجاو بێت لەگەڵ بنەما نیودەوڵەتییەکانی بواری منداڵان.

٣. پێداچوونەوەو تەواوکردنی ڕەشنووسی یاسای کار لە هەرێمی کوردستان کە بناغەی ڕێکخستنەوەی ئەرك و مافی بواری کارکردن دەگرێتەوەو.

٤. تەواوکردنی ڕەشنووسی سیاسەتی بەکارخستن کە لە میانەی پیادەکردنی لەسەر ئاستی حکومەت بەشێکی زۆری گرفتەکانی کەرتی تایبەت و کەرتی حکومیش چارەسەر دەکات و دەرەفەتی کار بۆ لاوان دەرەخسێنیت.

٥. هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە سندوقی پشتیوانی پڕۆژە بچووکەکانی لاوان بە شیوازێك کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان.

٦. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ی تایبەت بە کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت بە شێوازێك باشترین مافی کەمئەندامانی تێدا فەراهەم هاتبیت.

٧. دەرکردنی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە هێزی جێبەجیکردن لە چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی بە سیستەمکرنی کارەکانی هێزی جێبەجێکار و دیارکردنی ئەرك و ماف و تۆکمەترکردنی ڕەوشی کار .

٨. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی مۆڵەتی سزادراوان ی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩، بە شێوازێك مافی سزادراوان دابین بکات و ڕێگە بگرێت لە ڕێگەدانی بە شێوازی نایاسایی لەسەر بنەمای ناسین و پشتگیری دوور لە ڕێنمایی وەزارەت.

٩. هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمار (٣) ی ساڵی ٢٠١٨ ی تایبەت بە سەنتەرەکانی شەبەنگی ئۆتیزم، کە دەرفەتی زیاتر بە کەرتی تایبەت بدات لەم بوارە کاربکەن بە لەبەرچاوگرتنی مەرجی جۆریەتی خزمەتگوزاری.

١٠.ئەنجامدانی دوو کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای شیاندنی کەمئەندامان کە تیایدا مافەکانی کەم ئەندامان گفتوگۆی لەسەر کراوەو داوا لەسەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە رەچاوی باری کەم ئەندامان بکەن، وەك بارسوکی و بەخشین لە رسوماتی خوێندن، و کارئاسانی بینایەکانی حکومەت و باڵەخانەکان کە گونجاو بیت لەگەڵ کەم ئەندامان، هەروەها کۆکردنەوەی تێبینی لەسەر یاسای کەم ئەندامان.

١١.ئەنجامدانی کۆبوونەوەی تایبەت لەگەڵ کەم ئەندامان سەبارەت بە رێنمایەکانی مۆڵەتی بەخیوکەر بە شێوازیك گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستی هاووڵاتیان.

١٢.خۆ ئامادەکرن بۆ تۆمارکردن و ناونووسکردنی کەم ئەندامانی نوێ کە مافی شایستەبوونیان هەیەو تاکو ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە.

١٣.لە بواری تۆمارکردن دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لە هەردوو رەگەز، زیاتر لە چوارسەد (٤٠٠)کەس هەلی کاریان بۆ دۆزراوەتەوەو حەفتاو پێنج (٧٥) کەسیان دەستبەکاربوون لە کاری نوێدا.

١٤.ئامادەکاری بۆ سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە شوێنی پڕۆژەو رێنمایی صندوقی چاودێری خیزان و تۆرڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کۆن دەگرێتەوە، ئەم سیستەمە بە هاوکاری وەزارەتی پلاندانان و بانکی نیو دەوڵەتی و رێکخراوی UNDP ئامادەدەکرێت.

## ئازادی و دیموکراسی و پێکەوەژیان

١. بەردەوامی کارکردن لەسەر لەسەر پرڕۆژەی خێزانی جێگرەوە لە شاری سلیمانی و هەوڵدان بۆ دەستکردن بۆ جێبەجیکردنی لە هەولێ رو دهۆك، کە لە میانەی ئەم پرڕۆژەیەدا منداڵانی بێ خانەوادە

لە خانەوادەی ڕاهێندراوو چاودێری کراو دادەنیت، بۆ ماوەی کورت یان مام ناوەند یان درێژ و لەلایەن کارمەندانی وەزارەتەوە چاودیری و هاریکاری خانەوادەکان دەکریت.

٢. کارکردن لەسەر چاکترکردنی رەوشی ماڵەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو بە شێوازێکی سەردەمیانەو جەختکردنەوە لەسەر هەماهەنگی تەواوی ڕێکخراوەکان لەم بوارە بۆ دابینکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ ئەو ئافرەتانەی لە ژێر هەڕەشەی کۆمەڵایەتیدان.

٣. کارکردن لەسەر رەشنووسی یاسای پاراستنی مافەکانی منداڵ کە بە شێوازێکی سەردەمیانەو گونجاو لەگەڵ جارنامە جیهانیەکانی مافی منداڵان کە بە هەماهەنگی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و شارەزایانی نێودەوڵەتی بواری منداڵان و هەردوو رێکخراوی یونسێف و (الامل العراقی) ئامادەکراوەو.

٤. چالاك کردنەوەی یەکەی جێندەری لیژنەی ١٣٢٥ی بواری کاری ئافرەتان لە وەزارەت و بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان.

# وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

## لە ئاستی چاکسازی:

١. لیژنەی وردبینی پرۆژەکانی داهاتی وەزارەت: بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٨٤٦)ی ٢٠١٩/٩/١١, سێ لیژنەی وردبینی کە کۆی گشتییان ١٨ پسپۆڕن هەڵدەستن بە وردبینیی دەرخستەکان بە مەبەستی باشتر و خێراترکردنی کارەکان.

٢. ئامادەکردنی ستراتیژیەتی کەمکردنەوەی ڕۆتین.

٣. پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی گرێبەستی (جۆگەی فایدەی شوێنەواری) لەگەڵ زانکۆی ئۆدینەی ئیتاڵی لە ڕێگەی ئەنجامدانی پاشکۆی گرێبەست بۆ ئەوەی لایەنی کوردستانی بتوانێت باشتر کارەکانی پرۆژە شوێنەوارییەکە کۆنترۆڵ بکات.

٤. لادانی سەرپێچیکاران: لەسەر ئاستی جیاواز, ژمارەیەك فەرمانبەر و بەرپرس بەهۆی ئەنجامدانی سەرپێچییەوە لە ڕێگەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە ڕێوشوێنی یاساییان بەرانبەر گیراوەتەبەر.

٥. کردنەوەی خول: کردنەوەی خولی ئاشناکردنی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەر چوار پارێزگاکە بۆ پرۆسەی تەندەرین لەسەر ڕۆشنایی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومییەکان کە زیاد لە (٨٠) فەرمانبەر بەشداریی تێدا کردووە. هەروەها کردنەوەی چوار خول بۆ ١٢٠ فەرمانبەر لە بواری کۆمپیوتەر بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆبەئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین.

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. تەرخانکردنی بڕی (١١,٥٦٦,٣٧٩,٧١٦) دینار بۆ جێبەجێکردنی ١٥٥ پرۆژە و پێداویستی لە بواری ئاو و ئاوەڕۆ لەسەر داهاتی ٢٠%ی وەزارەت.

٢. تەرخانکردنی بڕی (٩,٤٣٥,٨١٣,٣٢٣) دینار بۆ جێبەجێکردنی ١٠٤ پرۆژەی بچووک و مامناوەند لە سێکتەری شارەوانی لەسەر داهاتی ١٧%ی وەزارەت.

٣. دابینکردنی بڕی (١٠,٠٦٩,٦٠٠,٣٠٤) دینار بۆ کڕینی کلۆر، شەب، پۆلیمەر، هەروەها پرۆسەی تانکەرین لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

٤. چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستی کۆمپانیاکانی خاوێنکردنەوەی خۆڵ و خاشاك لە تەواوی هەرێمی کوردستان، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی سلفەی بەڵێندەرەکانی زبڵخانەی کانی قرژاڵە لە هەولێر.

٥. چارەسەرکردنی پڕۆژەی ئاوی دهۆکی. هەروەها بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و خێرا ڕۆیشتنی کارەکان و دروستبوونی شەفافییەت بە تایبەتی لە گرێبەستەکانی شەب و کلۆر, دەرخستەی تایبەت بە کڕینی مەوادی خاوێنکردنەوەیی ئاو (شەب و کلۆر) بۆ ماوەی یەك ساڵ ئامادەکراوە. لەهەمانکاتدا، دوانزدە (١٢) لیژنە پێکهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی شوێن (موقع) بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی تەنکەرین و وەرگرتنی زانیاری ڕاست و دروست.

٦. ئەنجامدانی ڕووپێوکاری بۆ یەکەمجار بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (درۆن) بۆ تاقیکردنەوە کە لە داهاتوودا خەرجیەکی زۆر کەمدەکاتەوە لە کاتی نەخشەکردندا.

٧. لە ساڵی ٢٠١٧ پەیڕەوێك بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان داندرا بەڵام نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان, جارێکی تر ئەو پەیڕەوە زیندوو کراوەتەوە و لە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لێدرا کە دەبێتە کارێکی گەورە لە بواری چاکسازی دامەزراوەکان.

٨. پێداچوونەوە بە یاسای بە موڵککردنی خانووی زیادەڕۆیی لە سنووری شارەوانییەکان و ناردنەوەی بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بە مەبەستی گفتوگۆی کۆتایی و ڕاستاندنی لە پەرلەمانی کوردستان.

## وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١.  دەستبەکار بوون و ئەنجامدانی کاری نۆژەنکردنەوە لە پرۆژەی کارگەی جگەرەی سلێمانی، کە ئێستا بۆتە مەڵبەندێکی گەورەی رۆشنبیری و کارەکانی بەردەوامە.

٢.  رێکخستنەوەی فیستیڤاڵەکان لەرێگای دەرکردنی رێنمایی تایبەت بە سازدانی فیستیڤاڵەکان، لەو چوارچێوەیەدا ساڵانە (١٢) فیستیڤاڵی کوردستانی کە سروشتی نێودەوڵەتیان هەیە ئەنجام دەدرێت.

٣.  دەرکردنی رێنمایی چۆنیەتی یارمەتیدانی سەنتەر و گروپ و پێکهاتە هونەرییەکان، بەپێی ئەم رێنماییە گروپ و سەنتەر و پێکهاتە هونەرییە چالاکەکان هاوکاری زیاتریان دەکرێ و بایەخیان پێدەدرێت.

٤.  هەموار کردنی رێنمایی مۆڵەت پێدانی یانە وەرزشییەکان، کە مەبەست لێی کەمکردنەوەی پێدانی مۆڵەتە لەمەودوا.

٥.  فیستیڤاڵی سینەما لە شاری دهۆک: ئەم فیستیڤاڵە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە، ساڵانە لە شاری دهۆک ئەنجام دەدرێت. ئەمساڵیش لە رۆژی ٢٠١٩/٩/٩ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر سینەماکاری ناوخۆ و دەرەوە سازدرا .

٦.  کەرنەڤاڵی بە پارێزگابوونی دهۆک، لەم کەرنەڤاڵەدا بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری و هونەری دهۆک بە چەندین چالاکی بەشدارییان کرد و فیستیڤاڵەکەیان جوانتر کرد.

٧.  فیستیڤاڵی کلتورە جیاوازەکان لە رانیە: ئەم فیستیڤاڵە سروشتی نێودەوڵەتی هەیە و تێیدا چەندین گروپی هونەری ناوخۆیی و وڵاتانی بیانی بەشدارییان تێدا کرد.

٨.  کردنەوەی پێشانگایەکی شێوەکاری گەورە لە کەلار: لەم پێشانگایەدا زۆربەی هونەرمەندانی شێوەکاری ناوچەی گەرمیان بەشدارییان کرد و تابلۆکانیان نمایش کرا.

٩.  لە پارێزگای هەڵەبجەش چەندین چالاکی هونەری و رۆشنبیری ئەنجام دران، وەک پێشانگای فۆتۆی خانمان کە خانمانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، هەروەها فیستیڤاڵی هەڵدانی باڵۆن بۆ منداڵانی ئەو شارە ئەنجام درا و ژمارەیەکی زۆری منالآن تێیدا بەشداربوون.

١٠.  سازدانی فیستیڤاڵی موزیک و گۆرانی شەقام لە سەرای سلێمانی ئەنجام درا.

١١. فیستیڤاڵی کلتوری (کوردی – کۆری) لە شاری سلێمانی بە چاودێری وەزیری رۆشنبیری و لاوان ئەنجامدرا، کە چەندین بەرهەمی هونەری هەردوو گەلی کورد و گەلی کۆریا نمایش کرا.

١٢. فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی شانۆی شەقام لە شاری دەربەندیخان سازکرا، لە فیستیڤاڵەکەدا چەندین تیپی هونەری ناوخۆ و دەرەوە بەشداربوون و بەرهەمەکانیان نمایش کرد.

١٣. سازدانی رێورەسمیکی گەورە بۆ یادی هونەرمەندی ناوداری مەقام مامۆستا (عەلی مەردان) لە شاری چەمچەماڵ.

١٤. دیداری سینەمای کەرکوک بۆ کورتە فیلم لە شاری کەرکوک ئەنجام درا و لەم دیدارەدا چەندین کورتە فیلم نمایش کرا و گفتوگۆ لە بارەی بایەخی کورتە فیلمەوە کرا.

١٥. فیستیڤاڵی هونەرەکانی سریانی لە عەینکاوە و دهۆک ئەنجام درا، لەم فیستیڤاڵەدا چەندین چالاکی تایبەت بە هونەر و کلتوری سریانی ئەنجام درا.

١٦. لە شاری کۆیە کۆنسێرتی (ئارامی روح) ئەنجام درا کە چەندین هونەرمەند بەشدارییان تێدا کرد.

١٧. شاندێکی وزارەتمان سەردانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی عێراقی فیدرالیان لە بەغدا کرد و لەگەڵ وەزیری رۆشنبیری عێراق کۆبوونەوە و لە کۆبوونەوەکەدا باسی ئەنجامدانی کار و چالاکی رۆشنبیری و هونەری هاوبەش لەنێوان هەردوولادا کرا، هەروەها رەزامەندی خانەی (مأمون) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە وەرگیرا کە ژمارەیەک کتێبی هونەری و رۆشنبیری کوردی بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕدرێن و چاپ بکرێن.

١٨. کارکردن لەسەر سیانزدە (١٣) پرۆژەی دروستکردنی هۆڵ و باڵەخانەی رۆشنبیری و هونەری و وەرزشی کە لە داهاتوودا دەبنە ژێرخانێکی گرنگ بۆ کار و چالاکییە رۆشنبیرییەکان.

١٩. وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەستبەکاربوونەوەی هەردوو پرۆژەی (ناوەندی وەرزش و لاوانی خەلیفان) و (هۆڵی وەرزشی داخراوی سلێمانی بوو) کە بە هۆی قەیرانی داراییەوە لەکار وەستابوون.

## وەزارەتی تەندروستی

### لە ئاستی چاکسازی

١. دەستپێکردن بە دروستکردنی رێبەر (Guideline) بۆ هەر توێژێکی پسپۆڕی بواری پزیشکی.
٢. دروستکردنی دەستەی ڕاوێژکاری پسپۆڕی بۆ هەر پسپۆڕییەک.
٣. ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی وردی ڕەوشی تەندروستی لەهەرێم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
٤. پێکهێنانی لیژنەیەك بە مەبەستی خەملاندنی دانانی مەرجە گشتیەکانی پرۆژەی ناردنی نەخۆش بۆ چاندنی مۆخی ئێسک.
٥. رێکخستنەوەی کرداری و پێدانی مۆڵەتی هاوردەکردنی خۆراک بە ڕێگای زانستی و ڕێنمایی.
٦. پێدانی مۆڵەت بە نۆزدە (١٩) نەخۆشخانە و سەنتەری تایبەت.
٧. نوێکردنەوەی مۆڵەت دە (١٠) نەخۆشخانە و سەنتەرە تایبەتەکان.
٨. تۆمارکراوە حەوت (٧) کارگەی دەرمانی بیانی
٩. دیاریکردنی نرخ بۆ ٤٠٠ جۆری دەرمان
١٠.دیاریکردنی نرخ بۆ ٢٧٠ جۆر تەواوکاری خۆراکی
١١. داخستنی ٢ نەخۆشخانە و ٤ سەنتەری پزشکی و ٤ نۆرینگەی لاکۆڵان و ٣ تاقیگە و ١ کۆمەلگە.
١٢.سزادانی ٢ نەخۆشخانە ٤ سەنتەری بزیشکی ٤ نۆرینگەی لاکۆلان ٤ تاقیگە ١ کۆمەلگا

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دروستکردنی بەنزینخانەیەکی تایبەت بە ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن لە شاری هەولێر بە مەبەستی باشتر کردنی کەرتی تەندروستی فریاگوزاری.
٢. ناردنی دوو ئامێری چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک بۆ سلێمانی و دهۆک بە بڕی ٢٨٦ ملیۆن دینار و ڕەوانەکردنی هەردوو پرۆژەی دابینکردنی (ليناك) بۆ هەولێر و سلێمانی بە بڕی ١٠ ملیار دینار.
٣. چاککردنەوەی نزیکەی ١٢٣ ئامێری پزیشکی.

٤. دابینکردنی ژمارەیەک ئامێری پزیشکی لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) بۆ نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی منداڵان لە هەولێر (دابینکردنی هەناوبینی منداڵان بۆ یەکەم جار لە کوردستان).

٥. ئامادەکردنی پرۆژەی (Bio-risk Management Committee) بۆ هەرێمی کوردستان.

٦. کردنەوەی سەنتەری تالاسیمیا لە دەڤەری ڕاپەڕین.

٧. کردنەوەی سەنتەری پەرەپێدانی پیشەیی بەردەوام (CPD) لە کۆیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی فەرمانبەران.

٨. بەردەوامی کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان وەزارەت و سەندیکاکان و نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ:

- یەکخستن و پێداچوونەوەی نرخی خزمەتگوزاریەکان.
- چونیەتی دەوام لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەت.
- دانانی ژمارەی ئەستێرە لەسەر نەخۆشخانەکان.
- دانانی ڕێژەی داهات بۆ پزیشکان لەکەرتی تایبەت.

٩. ڕەزامەندی بەرێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنە دەرەوەی نەخۆشی بەرکەوتوانی کیمیا بارانی هەڵەبجە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن.

١٠.بەگەرخستنەوەی (صیانە)ی ئامێرە پزیشکییە ستراتیجیەکان بەدابین کردنی خەرجی زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلار بۆ خزمەتی نەخۆش و هاوڵاتیان.

١١.ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ فراوان کردنی فریاکەوتن لەقەزای بەردەرەش بە بڕی نزیکەی ١ ملیار دینار.

١٢.چارەسەرکردن و فراوانکردنی نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان بە هۆی تێکچوون بە کارەساتی بوومەلەرزە.

١٣. ڕێوشوێنی پێویست ئەنجامدراوە بۆ دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ستراتیجی سەنتەری ڕاهێنانەوە و چارەسەری سروشتی بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەلایەن ڕێکخراوICRC.

١٤. گۆڕینی بنکەی تەندروستی گلیجال بۆ مەڵبەندی ٢٤ کاتژمێری.

١٥.کردنەوەی تاقیگەی ناوەندی خۆراك لەهەڵەبجە.

١٦. ڕاسپاردنی کۆمپانیای گەڵاله بۆ نەخشه دانان و دروست کردن و فراوانکردنی بەشی تاوودەری هێلمی له سەنتەری ژیانەوه لەسلێمانی.

١٧. ڕاسپاردنی کۆمپانیای الاتقان بۆ دابین کردنی ئامێرەکانی ليناک و سيتی سیمیلەیەتەر و پالانيگ سيستەم بۆ نەخۆشخانەی رزگاری.

١٨. ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای مێدیکال ڤیو بۆ ناردنی نەخۆش بۆ ڕادیۆ ئەکتيف براکی ثیراپی و گاما نايف و سايبەر نايف.

١٩. ئەنجامدانی (١٧) گرێبەستی دابین کردنی دەرمان به گوژمەی ٧،٢٩٨،٥٨٩،٣٢٥ دينار

٢٠. ئەنجامدانی (٧) گرێبەستی دابینکردنی ئامێر و پێداویستی پزیشکی و دروستکردنی بيناو هێنانی تيمی بيانی بەگوژمەی ٦،٧١٨،٣٦٨،٠٠٠ دينار

٢١. ئەنجامدانی (١) گرێبەستی ناردنه دەرەوەی نەخۆش بەگوژمەی ٨٠٠،٨٧٩،٠٠٠ دينار

٢٢. ڕەزامەندی سازدانەوەی ئامێری پزیشکی لەلایەن کۆمپانیای سمنس و گەڵاله بەبڕی ٦ مليار دينار.

٢٣. کردنەوەی سيستەمی بەدەل عيادات له نەخۆشخانەی فرياکەوتنی شار.

٢٤. دەستبەکاربوون و نۆژەن کردنەوەی نەخۆشخانەی منداڵانی سلێمانی.

٢٥. دەستبەکاربوون و فراونکردنی فرياکەوتنی نەخۆشخانەی شار بەگوژمەی هەشتاو نۆ مليۆن دينار.

٢٦. کڕێنی ئامێری ليناک به گوژمەی ٨.٦٥ مليار دينار بۆ چارەسەری شێرپەنجه بەتيشک له سلێمانی.

٢٧. لەباربردنی ١١ تۆن کەرەستەی خەراپ و ئێکسپايەر له پارێزگای دهۆک.

٢٨. کارکردن به ئامێری پشکنينی کەرەستەی پاراستن (HPLC) له پارێزگای دهۆک.

٢٩. دروستکردنی Physical Rehabilitation Center ) PRC) لەگەڵ کۆلیژی پەلی دەستکرد لەلایەن ڕێکخراوی مانگی سوری عيراقی ICRC له هەولێر.

٣٠. دەست پێکردنەوه و تەواو کردنی ئەو پرۆژانەی که ساڵانێك بوون وەستابوون له هەولێر وەك :

- دروستکردنی بينايەی نەخۆشخاەی راپەرينی مندالان.
- دروستکردنی بينايەی نەخۆشخانەی پسپۆری نەشتەرگەری سەنتەری دڵ.
- دەستپێکردنەوەی بينايەی بنکەی تەندروستی ئازادی.
- تەواوکردنی نەخۆشخانەی پسپۆری نەخۆشييەکانی چاو.
- بنکەی تەندروستی پيران و شێروان مەزن له جۆری Type A.

- روخاندن و دروستکردنەوەی بنکەی تەندروستی حاجی ئۆمەران.
- فراوانکردنی بینایەی بەرِێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.

٣١.بەکارخستنەوەی هۆڵەکانی لە دایکبوون لەبالیسان، سیدەکان ، دەشتی هەولێر.

٣٢.تەواوکردنی دوو سەنتەری ددان لە سۆران و مێرگەسۆر و وەرتێ.

٣٣.دابینکردنی ئۆکسجینی شل بۆگشت نەخۆشخانەکانی ناو شار و دەرەوەی هەولێر بە ستانداردی نێودەوڵەتی.

٣٤.رەزامەندی وەرگیراوە لەلایەن سەرۆکی حکومەت بۆ ناردنی نەخۆش بۆ دەرەوە بۆ چاندنی مۆخی ئێسک و چاندنی جگەر.

٣٥.چالاکردنەوەی هۆبەکانی توێژینەوەی زانستی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان و ئامادەکاری بۆ دەرچواندنی رێنمایی نوێی سەبارەت بە توێژینەوەی زانستی لەنێو نەخۆشخانەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەمەبەستی بە پێشخستنی توێژەینەوەی زانستی پزیشکی لە کوردستاندا.

٣٦.یەکخستنەوەی رێنماییەکانی دابەشکردنی پزیشکان بەسەر پارێزگاکان و نەخۆشخانەکان و بە سیستەم کردنی پێشکەشکردن بۆگواستنەوە لەرێگای ئۆنلاین بە مەبەستی کەم کردنەوەی رۆتینیات و دادپەروەری لەپێشکەشکردن و دابەشبوونی پزیشکان بەسەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان.

## وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

### لە ئاستی چاکسازی

١. ئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەم یاسایانەی خوارەوە (پڕۆژە یاسا و هەموارکردنەوە) :

**أ)** یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان ژمارەی ١١ی ساڵی ٢٠١٠

**ب)** پرۆژە یاسای بریکارنامەی تۆمارکردن ژمارەی ٤ی ساڵی ١٩٩٩

**ج)** یاسای پارێزەرایەتی ژمارەی ١٧ی ساڵی ١٩٩٩

**د)** یاسای گشتی کۆمپانیاکان ژمارەی ٢٢ی ساڵی ١٩٩٧

**هـ)** یاسای ڕێکخستنی بریکارنامەی بازرگانی ژمارەی ٧٩ی ساڵی ٢٠١٧

**و)** یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارەی ١ی ساڵی ٢٠١٠ بۆ هەموارکردن

٢. هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی کێبڕکێ و قەدەغە کردنی قۆرخ کاری

٣. ئامادە کردنی ڕاپۆرتی ئالوگۆری بازرگانی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان بۆ ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٨.

٤. ئامادە کردنی دەقی کوردی (ستانداردی بۆ نێودەوڵەتی پۆلینی چالاکییە پیشەسازییەکان) (ISIC – international standard for Industrial classification)

٥. پێدانی ٤٣ مۆڵەتی دامەزراندنی کارگە

٦. تۆمار کردنی ٣٤١ کۆمپانیای خۆماڵی

٧. تۆمار کردنی ١٣ کۆمپانیای بیانی

٨. سەردان و کۆنترۆڵی بەرهەم بۆ ٣٦١ کارگە

٩. سەردان و کۆنترۆڵی تەکنیکی ٨٥ کارگە

١٠. سەردان و چاودێری ١٤٠٢٥ شوێنی بازرگانی

١١.سزادانی ٤٤١ شوێنی بازرگانی بە هۆی سەرپێچی

١٢.پشکنینی ٢٧٣١ نموونەی بەرهەمی کارگەکان

١٣.دیراسە و خەملاندنی ٥١٧ جۆر ماددەی کیمیاوی بە پێی ٣٩ نووسراوی وەزارەتی ناوخۆ

## لە ئاستی ئابوری و دارایی

١. پڕۆژەی دروست کردنی سایلۆی (٤٠,٠٠٠) تەنی لەگەڵ پێنج (٥) کۆگا لە ناحیەی کەلار–ئیدارەی گەرمیان بە گوژمەی (١٩,٥٩٤,٠٠٠,٠٠٠) دینار . بەرەو پێشچوونی ٣٧٪ (لە ٨٪ بۆ٤٥٪ )

٢. دروستکردنی سایلۆی (٤٠) هەزار تەنی و چوار (٤) کۆگا لە ناحیەی روڤیا - دهۆک بە گوژمەی (١٦,٧٧٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار . بەرەو پێشچوونی ٩,٥٪ (لە ١٠,٥٪ بۆ ٢٠٪)

٣. پڕۆژەی دروست کردنی سایلۆی (٤٠,٠٠٠) تەنی لەگەڵ دە (١٠) کۆگا لە ناحیەی قوشتەپە - هەولێر بە گوژمەی (٢٠,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار . بەرەو پێشچوونی ٣٨٪ (لە ١٢٪ بۆ٥٠٪ )

٤. بەجێگەیاندنی خزمەت گوزارییەکانی ناوچەی پیشەسازی (٣) لای ڕاست بە گوژمەی (٧,٤٩٨,٠٠٠,٠٠٠) دینار . بەرەو پێشچوونی٢٠٪ (لە ٣١٪ بۆ ٥١٪)

## وەزارەتی پلاندانان

### لە ئاستی چاکسازی

١. بەمەبەستی ڕێکخستنی سیستەمی کارگێڕی و میلاکات و کەم کردنەوەی ڕۆتین، سیستەمی داتا بەیس و بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروباری کارگێڕی و میلاکات و خۆیەتیمان دامەزراندوە.

٢. یەکەمین دیزاینی سیستمی بە ئەلیکترۆنیکردنی تەندەرەکانی حکوومەت کە پرۆژەیەکی ستراتیجی گرنگە، حکوومەتی کۆریای باشوور لە ڕێگەی ئاژانسی کۆیکاوە بە شێوەی کۆمەک بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانی جێبەجێ دەکات، پرۆژەکە سێ ساڵ دەخایەنێت تا ئێستا دوو قۆناغی گرنگی پرۆژەکە تەواو کراوە کە بریتین لە (شیکردنەوە و پێداچوونەوەی سیستمی ئێستای گرێبەستکردن و دیزاینی مۆدێلی داهاتووی سیستمی گرێبەستکردن بە شێوەی ئەلیتکرۆنیکی) ئەم پرۆژەیە چاوەروان دەکرێت لە بەهاری ساڵی ٢٠٢٠ ئامادەبێت بۆ بەکارهێنان لە لایەن ئەو دەزگایانەی حکومەت کە زۆرترین تەندەریان هەیە.

٣. دوو بەڵگەنامەی ستاندارد بۆ گرێبەستکردن ( وثائق المناقصة القياسية ) دەرکراوەو بەم شێوەیە :

یەکەم : بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی پرۆژەی بچووک (وثائق المناقصة القياسية لتنفيذ عقود الاشغال الصغيرة ) بۆ هەر پرۆژەیەک کە گوژمەی خەملێنراوی لە سێ مليار دینار تێپەڕ نەکات.

دووەم : بەڵگەنامە ستانداردەکانی کەمکردنەوە بۆ جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی خزمەتگوزاری ناڕاوێژکاری (وثائق المناقصة القياسية لتنفيذ عقود الخدمات غير الاستشارية ) بۆ هەموو پرۆژەیەکی ناڕاوێژکاری.

٤. دەرکردنی ڕەشنووسیناميلكەی ( ڕێبەری ڕێنیشاندەر بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێی گرێبەستەکان و ڕێگەکانی یەکلاییکردنەوەیان – مسودة الدليل الاسترشادي لتجنب النزاعات في التعاقدات وطرق تسويتها ).

٥. بۆ زیاتر ئاشنابوونی فەرمانبەرانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بابەتی گرێبەستەگشتییەکان لەو ماوەیەدا ١٢ خولی ڕاهێنان سەبارەت بە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکانی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠١٦ و بەڵگەنامە ستانداردەکان بۆ دابینکردنی کاڵا و بەڵگەنامە ستانداردەکان بۆ خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە

٦. پۆلینکردنی کۆمپانیاو بەڵێندەران :

- لەم ماوەیەدا ٣ سێ کۆمپانیاو بەڵێندەر خراونەتە لیستی ڕەش.

- ٧ كۆمپانیاو بەڵێندەر ناسنامەیان بۆ نوێکراوەتەوە.
- ١٩ كۆمپانیاو بەڵێندەر پلەی پۆلینیان وەرگرتوە.
- ٦ كۆمپانیاو بەڵێندەر پلەی پۆلینیان بەرز کراواتەوە.
- ٢ كۆمپانیاو بەڵێندەر پۆ لینیان هەڵوەشاوەتەوە.
- ٤ كۆمپانیاو بەڵێندەر لەبەر نەبوونی مەرجەكان داواكاریان ڕەتكراواتەوە.

٧. كردنەوەی خول و سیمینار و دیبەیت لە بوارە جۆربەجۆرەكانی (كارگێری و دارایی، IT، هونەری) بۆ سەرجەم دام و دەزگاكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، بە مەبەستی بەرز كردنەوەی ئەدای كاریان بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەكی باشتر خزمەتی هاووڵاتیان بكەن.

٨. ئامادەكردنی دانانی پڕۆژەی پێناسەی كار ( Job Description) بۆ سەرجەم وەزارەتەكان بە هەماهەنگی لەگەڵیاندا تا بتوانرێت پرۆسە كارگێرییەكان لەسەر بنەمای زانستی ئەدا بكرێت، كە ئەمەش ڕۆڵی دەبێت لە پراكتیزەكردنی پرەنسیپی كەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو لە سەرجەم ئاستە كارگێڕییەكاندا (سەروو و ناوەند و خواروو). ئەمەش دەبێتە هۆی دەستنیشانكردنی ئەرك و بەرپرسیارییەتەكانی یەكەبەیەكەی فەرمانبەران بە شێوەیەك هاوسەنگی و یەكسانی فەراهەم دەكات لە دامەزراوەكاندا هەروەها لەنێوان فەرمانبەراندا.

٩. ئامادەكردنی پرۆژەی چەند توێژینەوەیەكی كاریگەر كە لە ئێستادا وەكو گرفتێك لە زۆرێك لە دام و دەزگاكاندا وەكو بەربەستێك دێتە بەر چاو، بۆ نموونە بابەتی ( البطالة المقنعة ) و (هەڵسەنگاندنی ئەدای كار)، بۆ ئەم مەبەستە لەم بوارانەدا لێكۆڵینەوەی كرداری (تطبیقی) ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی دواتر سوود لە دەرئەنجامەكانی وەربگیرێت بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشە و گرفتانە.

١٠. كاركردن بۆ یە ك خستن و هاوتاكردنی تاقیگەو كاری دەروازە سنووریەكان كە ڕۆژانە پشكنین بۆ ئەو كالایانە دەكەن كە دەهێندرێنە ناوەوەی هەرێم هاوكات هەوڵەكانیش بەردەوام دەبن بۆ ئەوەی تەواوی خاڵە سنووریەكان بە یەك سیستەم كار بكەن .

١١. كاركردن لەگەڵ دەستەی متمانە بەخشینی نیشتیمانی حكومەتی عێراقی فیدراڵ بەمەبەستی چۆنییەتی متمانە بەخشین بۆ تاقیگەكان لەناو هەرێمی كوردستان .

١٢. بەشداری كردن لە پشكنین و بەدواداچوون بۆ كەل وپەلەكانی ناو بازاری قائیمقامیەتی پارێزگاكان .

١٣. كاری بەردەوام لە دەرهێنانی مۆڵەتی زێرینگری و مۆڵەتی وەرشەی زێر و پشكنینی خشلی هاوردە (زێر، زیو،پلاتین) لەسەرجەم بەرێوەبەرایەتی سەر بە پارێزگاكان.

## له ئاستی خزمەتگوزاری

١. ئامادەکاری بۆ دارشتنی چوار چێوەیەکی یاسایی بۆ هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ( PPP) کە لە ژێر ئەم چوار چێوەیەدا رێنمایی و رێکاری روون لە خۆدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری لەگەڵ کەرتی تایبەت، کە ئەمەش هەم سوود گەیاندنە بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و لە هەمان کاتیشدا جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی خزمەتگوزارییە.

٢. ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی سەرژمێریی دانیشتوان لە عێراق کراوە کەوا بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجام بدرێت.

٣. هەماهەنگی کردنی بەردەوام لەگەڵ وەزارەت و لایەنی نەبەستراو بە وەزارەتکان بەمەبەستی ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی هەرێمی کوردستان بەجۆرێك کە شیاوی جێبەجێکردن بێت ئەمەش بە رەچاوکردن و خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی بارودوخی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی داتاو زانیاری لە سەرجەم سێکتەرەکان وەك (کشتوکاڵ، ئاوەدانکردنەوە، تەندروسی، پەروەردە، شارەوانی، پیشەسازی و بازرگانی، گەشتوگوزار و خوێندنی باڵا . هتد)

٤. دەستپێکردن بە ئامادەکردنی دیدگای ٢٠٣٠ بەپشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی زانستییانەی تۆکمە و بەهاوکاریی شارەزا و پسپۆرانی ئەم بوارە کە شارەزایی و ئەزموونیان هەبێت بۆ ئەوەی سەرجەم سێکتەرەکان بەپێی ئەولەویەت لەخۆ بگرێت.

## له ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

١. ئامادەکردنی رێکارەکانی تایبەمەتمەندی عێراق و پێدانی بە لایەنە پەیوەندیدارەکان وەك وەزارەت و دەروازە سنورییەکان و کۆمپانیاکان.

٢. دەستپێکردن بە پرۆژەی دامەزراندنی تاقیگەی میترۆلۆجی کە تایبەتە بە ( میترۆلۆجی و نادڵنیایی لە پێوانەکردن).

٣. هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەزگای پێوانەسازی و کۆنترۆلی جۆری حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەربارەی گفتوگۆکردن لەسەر بڕیاری (٣٣٥) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق تایبەت بە هاوردەکردنی کانزا بە نرخەکان (زێڕ،زیو، پلاتین) و یەکسختنی ڕێکارەکانی کاروباری چاودێری کردنی هاوردەکردنی خشڵ، هەروەها کاری یەکخستنی تایبەتمەندیە عێراقیەکان هەروەك لە بڕیاری (٧٧٣) ئەنجومەنی وەزیران داواکراوە.

٤. ڕەشنوسی نیزامێکی نوێ ئامادەکراوە بۆ پۆلینکردنی کۆمپانیاو بەڵێندەران کەجێگای نیزامی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠٠٧ بگرێتەوە کەماوەیەکی زۆری بەسەرداچوە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانانی عێراق بە مەبەستی یەکخستنی ڕێنمایی بۆ پۆلین کردنی بەڵێندەران لە عێڕاق و هەرێمی کوردستان.

## ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

ئامادەکردن و دیراسەتکردنی پرۆژەی جێندەری لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای خانمان و یەکەکانی جێندەری لە وەزارەتەکان و بەستانەوەی تەوەرەکە بە ئەجێندای حکومەت بۆ چوار ساڵی داهاتوو و لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ گونجاندنی لەگەڵ بەرنامەی ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDGs).

# وەزارەتی کارەبا

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. واژووکردنی گرێبەستی کرینی یەك (١) وێستگەی گەڕۆکی کارەبا بۆ پارێزگای هەولێر لەگەڵ کۆمپانیای بێست بە گوژمەی ( ١,٤١٢ ) ملیۆن دۆلار.

٢. ڕەزامەندی لەسەر دابین کردنی ویستگەی موبایلی دێرێ کە ئێستا لە ژێر پرۆسەی تەندەرینە بە کوژمەی (١,٦٤٤) ملیار دینار.

٣. ڕەزامەندی لەسەر دابین کردنی وێستگەی موبایلی بە تووانای (٣٣/١١ )کەیڤی (MVA٢٥ ) بۆ وێستگەی صالح ئاغا لە ناحیەی دارەتوو کە ئێستا لە ژێر پرۆسەی تەندەرینە بە کوژمەی (١,٢٢١) ملیار دینار.

٤. واژووکردنی گرێبەستی کڕینی سێ (٣) ویستگەی گەڕۆکی کارەبا بۆ پارێزگای سلێمانی بە گوژمەی (٥,٣٤) ملیار دینار.

٥. وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دابین کرنی گوژمەی (٣,٥ ) ملیون دۆلار بۆ کڕینی ڕەنەری تۆربینی وێستگەی کەهرومائی لە دەربندیخان.

٦. پێداچوونەوە بە گرێبەستی دامەزراندنی هێلی (١٣٢ کەیڤی) بە درێژایی ٣٢ کم لەنێوان وێستگەی خەبات بۆ زەنگەنان بە گوژمەی (٧,٤٢٥) ملیۆن دولار بۆ ماوەی چوار مانگ، لە کاتێکدا کە پێشتر بە کوژمەی (٩,٣٥٠ ) ملیۆن دولار و بە ماوەی پێنج مانگ گرێبەستەکە واژووکرابوو، بەم شێوەیە بڕی (١,٩٢٥) ملێۆن دۆلار کەمتر و یەك مانگ کەمتری پێویستە.

٧. وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پرۆژەی هێلی ( ١٣٢ کەیڤی) بە درێژایی ٥٠ کم لەنێوان وێستگەی کاشێ لە قەزای سێمیل بۆ وێستگەی تلکەبەر بە گوژەی (١١,٤٠٨,٥٠٠) ملیون دولار .

٨. وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ پرۆژەی هێلی (١٣٢ کەیڤی) بە درێژایی ١٦ کم لەنێوان وێستگەی سۆران و هەریر و گۆڕینی ٣٧کم تێلەی هێلی صلاح الدین بۆ هەریر بە گوژەی (٨,٣٥٢,٨٤٠) ملیون دولار .

٩. گرێبەستی کڕینی گهورکی ( ١١/٣٣ کەیڤی) قەبارە ١٦ ئیم ڤی ئای بۆ وێستگەی چۆمان لە هەولێر بەگوژمەی تەرخانکراوی (٤٢٥) ملیۆن دینار کە ئیحالە کرا بە گوژمەی (٣٢٢) ملیون دینار، بەمەش بڕی (١٠٣ ) ملیون دینار گەڕایەوە بۆ خەزینەی حکومەت .

١٠.پێداچوونەوە بە گرێبەستی کومپانیای (MEP) ی لوبنانی کرا، لەدوای ئەوەی گرێبەستەکەیان بە کۆتایی هات بۆ بەکارخستنی هەردوو وێستگەی ٢٩ میگاواتی هەولێر و دهۆك، لە ئەنجامدا ئەم گۆرانکاریانە لە بەرژەوەندی وەزارەتی کارەبا ئەنجامدرا:

- کەمکردنی نرخی کڕینی هەر یەك میگاوات لەکاتژمێرێکدا لە (٣٠ بو ٢٨ ) دۆلار .
- پێداچوونەوە بە قەرەبووکردنەوەی کومپانیا ئەگەر لە لای ئێمە سوتەمەنی بۆ دابین نەکرا لە شوێنی ٣٠ دۆلار بۆ یەك میگاوات، بۆ ئەوەی ببێتە ١٤ دۆلار بۆ یەك میگاوات.
- گۆڕینی جۆری سوتەمەنی لە گازوایل بۆ نەوتی رەش کە بەهای هەر یەك تەن لە ٧٠٠ دۆلار دەبێتە ٢٠٠ دۆلار، لێرەدا روژانە تەنها لە وێستگەی هەولێر و دهۆك بڕی بەکارهێنانی سوتەمەنی لە (١٤٠ تەن * ٧٠٠ دۆلار=٩٨,٠٠٠ دۆلار) دەبێتە (١٤٠ تەن * ٢٠٠ دولار=٢٨,٠٠٠ دۆلار) رۆژانە. لە ساڵێکیشدا بۆ هەردوو ویستگە بڕی (١٤٠,٠٠٠*٣٦٥= ٥١,١٠٠,٠٠٠ دۆلار) دەگەڕێتەوە خەزینەی حکومەت.
- لێخوشبوون لە قەرزی کومپانیاکان لە سەر حکومەت لە ئەگەری کارنەکردنی وێستگەکان لەبەر بابەتی دابینکردنی گازوایل بۆ ساڵانی ٢٠١٤, ٢٠١٥ , ٢٠١٦, ٢٠١٧, ٢٠١٨, ٢٠١٩ کە بۆتە (٢٩,٨٢١,٠٢٦$) .
- کۆتایی هێنان بە گرێبەستی کومپانیای سیمنسی ئەلمانی کە بە گووژمەی ( ٦٩,٥٠٠,٠٠٠ ) دۆلار واژوو کرابوو لەبەرامبەر (٥,٠٢٩,٠٠٠) دۆلار. دواتر هەمان پرۆژە بە گوژمەی ٤٢ ملیون دۆلار ئەنجام دەدرێت و بڕی نزیکەی ٢٢ ملیون دۆلار دەگەڕێتەوە خەزینەی گشتی.
- دەست پێکرنی گرێبەستی دانانی پێوەری زیرەك بو سەرانسەری هەرێمی کوردستان کە لە ٢٠١٩/٨/١ دەستبەرکابووین و تا کو رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٤ ژمارەی دانانی پێوەرەکان گەیشتە (٥٥) هەزار لە سەرانسەری کوردستان.
- کردنەوەی دوو وێستگەی گرد جوتیار بە کوژمەی (٣,٨١٤) ملیون دۆلار و وێستگەی عەنکاوە بە کوژمەی (٣٤٧) ملیون دولار لە رێکەوتی ٢٠١٩/١١/١١
- بە کارخستنی یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بڕی (١٥٠) میگاوات لە وێستگەی خەبات لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٥.

## وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

### لە ئاستی چاکسازی

١. کەمگری بۆ گواستنەوەی نەوتی رەش لەپاڵاوتگەی کەلەك بۆ وێستگەی کارەبای ٥١ میگاواتی تاسلوجە

٢. کەمگری بۆ گواستنەوەی گازوایل لە پاڵاوتگەی کەلەك بۆ وێستگەی کارەبای دهۆك

٣. پێدانی مۆلەتی کانگایی بە ٦٧ کانگا

٤. قەرەبووی جوتیاران کە ژمارەیان لە نێوان (١,٥٠٠ - ٢,٠٠٠) جوتیارە لەلایەن کۆمپانیاکانی ( DNO, HKN, TAQA, TALISMAN, GOLFKYSTONE, TTOPCO, REPSOL, KAR, GENEL ENRGY, HUNT OIL, ) کە لەلایەن نوێنەرانی وەزارەتمان قەرەبوەکان دابەش کراوە.

٥. بەداواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەردی لایمستون کە بەکاردێت بۆ پاراستنی ژینگە لە ویستگەی هەڵمی کارەبای خەبات لە لایەن کۆمپانیای (Mega) و فراونکردنی کارەکانیان لە کانەبەردی ناوچەی سیناوە لە ناحیەی خەلیفان بە پێ ی خەسلەتەکانی و ستاندراتی کارکردن .

٦. مۆڵەتدان بە ( ٧٠ ) کانەبەرد بە پێی جۆری کانەبەرد لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان.

٧. دابینکردن و دابەشکردنی بڕی ٦١ ملیۆن لیتر نەوتی سپی بەسەر هاووڵاتیان لەناوچە شاخاوییەکان و لە قۆناغی دووەمدا بڕی (١٩٩) ملیۆن لیتر نەوتی سپی دابین دەکرێت بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

٨. مەشق و راهێنانی (٨٨٤) قوتابی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ٢٠١٩/٧/١ -٢٠١٩/٩/٣٠

٩. پێداچوونەوەی ٧ راپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەری ژینگەیی EIA کۆمپانیا جیاجیاکان و پێدانی بروانامەی کارکردن.

١٠. دەستکردن بە پرۆسەی ووردبینی تێچوی نەوت لەلایەن کۆمپانیاکانی نەوت و گاز (PSC)بە هەماهەنگی (Deloitte)

## دەستەی وەبەرهێنان

### لە ئاستی چاکسازی

- هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی پێنج (٥) پرۆژە لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و بازرگانی و گەشتیاری بەهۆی پابەند نەبوون بە یاسا و رێنماییەکانی وەبەرهێنان،
- دەستنیشانکردنی ١٥ پرۆژە لە پلانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و داوا کردن لە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە زەویان بۆ تەرخان بکات و دواتر وەک هەلی وەبەرهێنانی ئامادەکراو بخرێنە بەردەستی وەبەرهێنەران.
- ئامادەکاری بۆ دروستکردنی نەخشەی وەبەرهێنان.
- دامەزراندنی بۆردی سیستەمی یەک پەنجەرە بە مەبەستی کەم کردنەوەی رۆتین.

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

پێکهێنانی لێژنەی بەدواداچوونی بینای خزمەتگوزاری پرۆژە نیشتەجێیەکانی وەبەرهێنان و پێکهینانی چەندین لێژنەی تر بەمەبەستی بەدواداچوون و کۆنترۆڵکردنی کەموکورپەکان.

### لە ئاستی پەوەندی نێوان حکوتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

سەردانکردنی شاندی دەستەی وەبەرهێنان بۆ دەستەی نیشتیمانی وەبەرهێنان لە عێراق بەمەستی هەماهەنگی زیاتر و بەهێزکردنی پەیوەندیەکان. دواتر سەردانکردنی سەرۆکی دەستەی نیشتیمانی وەبەرهێنان لە عێراق بۆ دیوانی دەستە و دانانی میکانیزمی کاری هاوبەش لە داهاتوودا.

### لە ئاستی پەوەندونیدیەکانی هەرێم لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی

١. بەشداری کردن لە ٢ پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەولێر لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٨ و ٢٠١٩/٩/٣٠، بەمەبەستی راکیشانی وەبەرهێنەران و کۆبوونەوە لەگەڵ چەند وەبەرهێنەرێکی بیانی و ناوخۆ.

٢. کۆبوونەوەی شاندی وەبەرهێنەرانی بیانی لە دیوانی دەستە لەگەڵ وەبەرهێنەر و پیاوانی کاری ئەمریکی و بانکی جیهانی بەمەبەستی ئەنجامدانی وەبەرهێنان لە کوردستان.

٣. کۆبوونەوە لەگەل بانکی نیو دەوڵەتی بەمەبەستی هەماهەنگیکردنی زیاتر لە بواری وەبەرهێنان.

٤. بەشداریکردن لە کۆنفرانسی وەبەرهێنان بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە شاری هەولێر بەمەستی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی.

## لە ئاستی ئابووری و دارایی

- (١٥) مۆڵەتی وەبەرهێنان دراوە بە سەرمایەی ( ٤٦٢) ملیۆن دۆلار لەسەر رووبەری زەوی (٤٩٦) دۆنم.
- ٣٣ پرۆژە کاری هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە.
- (١٤٣) پرۆپۆزەل پێشکەش بە دەستەی وەبەرهێنان کراون کە (١٠٩)یان پەسند کراون و (٣٤) پرۆپۆزەلیش رەت کراوەتەوە :

- پرۆژە پەسند کراوەکان/ بەم شێوەیە دابەشی سەر شارەکان بوون ( هەولێر: ٤٥ پرۆژە) (سلێمانی: ٥٠ پرۆژە) (دهۆک ١٤ پرۆژە) لەناو ئەم پرۆژانەش (٣٦) پرۆژەیان بۆ وەزارەتە پەیوەندارەکان نێردراون
- پرۆژە رەتکراوەکان/ بەم شێوەیە دابەشی سەر شارەکان بوون ( هەولێر: ٥ پرۆژە) (سلێمانی: ٢٤ پرۆژە) (دهۆک: ٥ پرۆژە)

# فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## لە ئاستی پەیوەندییەکان حکومەتی هەرێم و وڵاتانی دەرەوە

١. ئەنجامدانی دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ دیپلۆماتکار و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیە دووقۆڵیەکان و پێشوازیکردن لە:

- شاندێکی کونسوڵگەری گشتی کۆماری تورکیا.
- چۆی کوانگ ژین، کونسوڵی گشتی کۆریا.
- هیثم ابوالفول کونسوڵی گشتی شانشینی ئەردەنی هاشمی.
- د. عمر ئەلکەندەری کونسوڵی گشتی وڵاتی کوێت.
- خاتوو ئەلیزابیس روزنستۆک جێگری کونسوڵی گشی ئەمریکا.
- نیرانجان ئاسوکا راناسینغ، باڵیۆزی کۆماری دیموکراتی سۆشیالیستی سریلانکا لە عێراق کرد.
- باڵیۆز ئەحمەد جیهاد حارس، کونسوڵی کۆماری میسری عەرەبی.
- شاندێکی کونسوڵگەری کۆماری ئیتاڵیا بەسەرۆکایەتی سێرێنا مورۆنیکونسوڵی ئیتاڵیا.
- باڵیۆز نەزمی حەزوری، کونسوڵی گشتی فەلەستین.
- نەسروللا رەشنودی، کونسوڵی گشتی نوێی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر.
- ستیڤ فەیگن، کونسوڵی گشتی ئەمریکا.
- دۆمەنیک ماس، کونسوڵی گشتی فەڕەنسا.
- ریکاردۆ رۆدریگز بەرپرسی نێردەی هاریکاری عیراق (یونامی).
- نانسی بێرگرۆن، بەرپرسی نووسینگەی باڵیۆزخانەی کەنەدا.
- پۆنتۆس میلاندەر، باڵیۆزی شانشینی سوید لە عێراق.
- کلاریس پاستۆری، بەرپرسی نووسینگەی هەماهەنگی یەکێتی ئەوروپا لە هەرێمی کوردستان.
- ئۆلیڤیێ دوکوتینی، کونسوڵی گشتی تازەی فەڕەنسا لە هەرێم.
- بەرپرسی نووسینگەی کونسوڵگەری رۆمانیا کرد لە هەرێم.
- باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق.
- چاندرامۆلی کۆمار کیرن، کونسوڵی گشتی کۆماری هیند.

- ئۆلێگ لێڤین، کونسوڵی گشتی کۆماری ڕوسیای فیدراڵ.
- کونسوڵی گشتی شانشینی هۆڵەندا.
- باڵیۆزی نوێی وڵاتی سوید لە عیراق.شری مۆرالیدهاران، وەزیری دەوڵەتی هیندستان بۆ کاروباری دەرەوە.
- خوان خۆسێ ئێسکۆبار، باڵیۆزی ئیسپانیا لە عێراق.
- ئیفوثیموس کۆستۆپۆڵۆس، کونسوڵی گشتی کۆماری یۆنان.

٢. بە نوێنەرایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداریکردن لە ٧٤ مین کۆبوونەوەی گشتی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک بەشێک لە شاندی عێراقی کە تێیدا دەیان دیدارو کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ پادشا و سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی وڵاتان ئەنجامدا.

# دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

## ئاستی چاکسازی

ئەنجامدانی چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی بۆ گەیاندنی زانیاری خێرا لە رێگای وێب سایتی فەرمی دەستەکەمان. بۆ ئەم مەبەستە پەرەمان بە خزمەتگوزارییە ئەلەکترۆنیەکان داوە بە دانانی زانیاری و دیکۆمێنت و راپۆرتەکان لەسەر سیاسەتی بەعەرەبکردن و مادەی ١٤٠ دەستور و بارودۆخی ناوچە کوردستانیەکان. وەک هەنگاوی یەکەم توانیومانە بەشێک لە زانیاری گرنگ و پێویست بڵاوبکەینەوە بە زمانی کوردی وعەرەبی.

## ئاستی خزمەتگوزاری

ئامادەکردن پرۆپۆزەلی خولی (بەرێوەبردنی پڕۆژە Management Project) و ئاراستەکردنی بۆ دامەزراوەی نێودەوڵەتی کۆری ناسراو بە Korean International cooperation Agency (KOICA) بە مەبەستی بەرزکردنەوەی توانای فەرمانبەرانی میری و ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم.

## ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان

ئامادەکردن پرۆپۆزەلی خولی (چارەسەری ناکۆکیەکان، Conflict Resolution) و ئاراستەکردنی بۆ دامەزراوەی نێودەوڵەتی کۆری ناسراو بە Korean International cooperation Agency (KOICA) بە مەبەستی کەمکردنەوەی بارگرژیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

## لە ئاستی پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ

ئامادەکردنی راپۆرتێکی زانیاری تەواو سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێڕاق و کارەکانی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و رێکارەکان کە گرنگترینیان کاراکردنی لێژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و بەهێزکردنی رۆڵی کورد لە ناو لێژنەکە ببوو.

# دەزگای گشتی کاروباری مین

## لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. تیمەکانی مین لابەری دەزگا (MCT ) زیاتر لە (٥٩٠,٢٣٨) مەتر دووجا رووبەری پیس بوو بە مین و تەقەمەنان پاککردۆتەوە و لەناو ئەو رووبەرە ( ١,٥٩٨ ) مینی دژە کەسی و ( ١٣) مینی دژە تانک هەروەها ( ٢,٩٥٢ ) پارچە تەقەمەنی ( UXO ) دۆزراونەتەوە و لەناو بردراون. لە هەمان کاتدا (١٧٥,٣٠٠ ) مەتر دووجا رووبەری پیسبوو بە IED ( عبوات ناسفة ) پاککراوەتەوە.

٢. دەزگای مین لەماوەی ئاماژەبۆکراو هەڵساوە بە تەسلیمکردنی کۆی (١٦) زەوی پاککراوە لە بەمین و تەقەمەنی بە رووبەری(٤٦٨,٧٤٦) مەتری دووجا بۆ خاوەنەکانیان بە مەبەستی دووبارە بەکارهێنانەوەیان وبەم شێوەیە: پارێزگای هەولیر (٣) پارچە زەوی بە رووبەری(١١٨,١٩٢) مەتر دووجا، پارێزگای سلیمانی (٣) پارچە زەوی بە رووبەری(٥٦,٥٦١) مەتردووجا، پارێزگای دهوک (٧) پارچە زەوی بە رووبەری(١٣١,٤٩٣) مەتردووجا و ئیدارەی گەرمیان (٣) پارچە زەوی بەرووبەری(٦٢,٥٠٠) مەتردووجا.

٣. تیمەکانی دڵنیایی جۆری و مۆڵەتپێدان ( QA ) لە ماوەی (١٠٠) سە د ڕۆژی رابردوو توانیویانە (١,٠٦٤) سەردان بۆ کێڵگە مینەکان ئەنجام بدەن لەو سەردانانە دا تیمەکان (١٠٨,٠١٠) مەتر دووجای زەوی پروسەی پشکنینی بۆبکەنەوە. هەروەها بەرێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری لە هەمان ماوەدا هەڵساوە بە نوێکردنەوەی (٥) مۆڵەت بۆ کۆمپانیا و رێکخراوەکانی بواری مین لە هەرێمی کوردستان.

٤. تیمەکانی هۆشیار کردنەوە ولە مەترسیەکانی مین و تەقەمەنی دەزگا لە ماوەی دیاریکراو توانیویانە سەردانی (١٩٤) گوند و کەمپی ئاوارەکان بکەن و (١٣,٠٢٢) لە پیاو و ئافرەت و منداڵ سودمەندبوون. هەروەها تیمەکان هەڵساون بە دابەشکردنی (٢٠,٨١٢) لە هۆیەکانی

هوشیارکردنەوە وەک (پۆستەر و نامیلکەی ڕێبەری هۆشیارکردنەوە لیفلیت و کارتی زانیاری پەیوەندیکردن) بەسەر خەڵکی گوندەکان لەناوچەمەترسیدارەکان.

٥. لەبواری ڕاهێنان و کردنەوەی خول لەماوەی دیاریکراودا، دەزگاکەمان خولی مین لابەری و خولەکانی تری کاروباری مین لە ئاستی ناوخو بە بەردەوامی دەکاتەوە و لەئاست نێودەولەتی لەو ماوەیەدا (٤) کارمەندی دەزگا لە وولاتانی ئەمریکا و کەمبودیا بەشدارییان لە خولەکانی کاروباری مین کردووە.

## دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

### لە ئاستی خزمەتگوزاری

١. وەرگرتنی (١٤) سکاڵا و سزادانی (٦٢) لایەن لە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری بەهۆی سەرپێچییەوە.

٢. ئەنجامدانی پشکنین بۆ (٨٧٦) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری.

٣. بەدواداچوون و کۆنترۆلکردنی (٢٣٢) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری.

٤. ڕەزامەندیدان لەسەر (٣٤) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری بەپێی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی EIA.

٥. پێدانی فۆڕمی مۆڵەتی ژینگەیی بە (٩٤٥) پڕۆژەی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵی و کۆمپانیای خزمەتگوزاری بواری نەوت و تەندروستی پیشەسازی و بازرگانی و خزمەتگوزاری و پەروەردە و غەسالەی چەولم و نا خۆراکی بچووك و وەرزشی و خاك و خۆراکی.

٦. پێدانی (٤٨) مۆڵەت بە پڕۆژەی ڕاوکردن

٧. تۆمارکردنی (٦) سەرپێچی یاسایی تایبەت بە داربڕینەوە و ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی بەرامبەریان

٨. ئەنجامدانی ئەم کاروچالاکیانە:

- ٢٥ سیمیناری ژینگەیی
- چاندنی ١٢٣١ نەمام
- دابەشکردنی ٣٠٠٠ نایلۆنی زبڵ
- دابەشکردنی ئالیك و خۆراك بۆ گیانداران و باڵندەی کێوی (٥ جار)
- ٨ هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان
- دابەشکردنی ١٠٠٠ پۆستەری هوشیاکردنەوە
- سەردانی مەیدانی بۆ ٣٥ قوتابخانە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی.